# دواڕۆژ

٢٠٢٦/١٠/١٢ـ ٢٠ی ڕەزبەری ١٤٠٥ هەتاوی، ساڵی دەیەم، ژمارەی ١٥٢

دووهەفتەنامەیەکی سیاسیی گشتییە، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان دەریدەکات

dwaroj.net





پێویستیی خۆگۆڕین و خۆنواندنی سیاسەتی کوردی

جەمیل سەرمەستی ٣



ژن لە پێناسەی خۆیدا

چیمەن جەوانرودی ٤



پەیوەندیی نێوان کورد و بزووتنەوەی چەپ

ئارمان کورد ٨


## سەروتار

## ئیعدام و سەرکوت؛ نیشانەی ترسی تاران لە داڕمانی ناوخۆیی

**محەمەد حەکیمی**

لە ساڵیادی ٧ی ئۆکتۆبەردا، بەهۆی سیاسەتی ڕژێمی ئیسلامیی ئێرانەوە ناوچەکە تووشی کۆمەڵێک زۆر گرفت بووە. دوای تاوانی ٧ی ئۆکتۆبەر، ئیسرائیل هێرشی کردە سەر «حەماس»، حزبوڵڵا، سوریا، ئێران و... هتد. لەم شەڕەدا ڕژێمی ئیسلامیی ئێران بە گشتی شکستی خواردووە و گرووپە نیابەتییەکانی یەک لە دوای یەک لە دەست داوە و زۆربەی ڕێبەرانی ڕژێمیش لە لایەن ئەمریکا و ئیسرائیلەوە کوژران. ڕژێم بۆ شاردنەوەی تاوانەکانی خۆی لە ناوخۆی وڵاتدا، دەستی داوەتە ئیعدام و زیندانیکردنی لاوانی شۆڕشگێڕ؛ بەو بۆنەیەوە «مای ساتۆ» نێردەی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕاپۆرتی ئەمساڵیدا سەبارەت بە پێشێلکارییەکانی ڕژێمی تاران دەڵێت: «لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی ئیسلامیی تاراندا، جیاکاری و هەڵاواردن، سنووردارکردنی مافی زمان و بێبەشکردنی ئابووری تا دەگاتە لەناوبردنی ژینگە و پێشێلکردنی مافی زیندانییانی کورد و بەلووچ لە دۆسیە سیاسییەکاندا، کە دواجار وا لەوانە دەکات ڕووبەڕووی سزای قورس ببنەوە». ناوبراو لە درێژەی بابەتەکەیدا ئاماژەی بە دۆخی کۆڵبەرانی کورد کردووە کە بۆ بژێویی ژیانیان پشتیان بە گواستنەوەی کەلوپەل بەستووە و ئەوان ڕۆژانە لە لایەن هێزە ئەمنییەکانی ڕژێمەوە دەکرێنە ئامانج. لە کۆتایی ڕاپۆرتەکەدا مای ساتۆ هۆشداریی داوە لەوەی کە هەڵاواردنی نەتەوەیی و ئایینی لە ئێراندا کاریگەریی خستووەتە سەر پرۆسەی دەستگیرکردن، لێپرسینەوە، دادگاییکردن و دەرکردنی سزا، بە تایبەتی لەو حاڵەتانەی کە دەبنە هۆی دەرکردنی سزای لەسێدارەدان.

لە ڕاستیدا لە ماوەی پێنج دەیەی ڕابردوودا، خەڵکی ئێران هەڵسوکەوتی دەسەڵاتی ڕژێمی ئیسلامییان ناسیوە، کە بە هەر هەڵسوکەوتێکی ئەو ڕژێمە بە جوانی دەناسن دۆخی ئێران لە چ حاڵ و هەوایەکدایە. هەر کاتێک ڕژێم باس لە بووژاندنەوەی ئابووری و دابەزینی نرخی دۆلار دەکات، خەڵک زۆر زوو زانیویانە کە کێشە و گرفتی زیاتر بۆ ئابووری و دۆلار دروست دەبێت. بەڵام گرنگتر لە هەموو ئەمانە ئەوەیە؛ هەر کاتێک ماشێنی سێدارەی ڕژێم کەوتبێتە خۆ، خەڵک زانیویانە کە ڕژێم هەست بە مەترسیی گەورە دەکات و بۆ داپۆشینی ئەو مەترسییە وەها نیشان دەدات کە هەموو شتێک لە ژێر کۆنترۆڵی خۆیدایە و هەموو شت لە ژێر کۆنترۆڵی ئەواندایە.

کاتێک لە بریتانیا باس لە تیرۆر و تەقاندنەوە دەکرێت، چەند کەس لە تیرۆریستەکانی ڕژێمی ئیسلامی دەگیرێن و دواتر بە کەفالەت/سەنەد ئازاد دەکرێن. ڕژێمی ئیسلامیی ئێران هەوڵ دەدات لە ناوخۆی وڵاتدا خەڵکی وەزاڵەهاتوو بە هەموو شێوەیەک سەرکوت بکات؛

...بۆ ل ٢

# تاران بەدەم کەسەوە پێناکەنێ



فەرامەرز ئەسەدی، سەرکۆنسولی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەولێر، لە وتووێژێکدا لەگەڵ تەلەڤیزیۆنی ڕووداو حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بە «تیرۆریست» ناوزەد کرد. ڕژێمێک کە لە ئاستی جیهانیدا وەکوو گەورەترین و ناسراوترین پشتیوانی تیرۆریزم دەناسرێت و هەزاران کوردی ئیعدام کردووە، لە پێگەیەکدا نییە کەسی دیکە بە تیرۆر تاوانبار بکات.

بزووتنەوەی کوردستان لە ڕۆژهەڵات هەر لە سەرەتاوە بزووتنەوەیەکی مافخواز بووە. ئەوە دەوڵەتی داگیرکەری ئێران بوو کە بە فەرمانی جەهادی خومەینی هێرشی کردە سەر کوردستان و خەڵکی بێتاوانی کۆمەڵکوژ کرد. ئیعدامە سیاسییە بێدادگاییەکان کە لە یەکەم دەورەی هاتنی ئەم ڕژێمەوە دەستیان پێکرد بەڵگەی حاشاهەڵنەگری تیرۆریست بوونی ڕژێمی تاران و دژایەتییان لەگەڵ بزووتنەوە و خەڵکی کوردستانن، تاوانێک کە بەردەوامە و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەپێی ژمارەی دانیشتووانی، زیاترین پشکی لە ئیعدامی سیاسی هەیە.

حیزبەکانی ڕۆژهەڵات هەرگیز بێجگە لە بەرەنگاریی شۆڕشگێڕانە بۆ بەرگری لە خەڵکەکەیان کارێکی دیکەیان نەکردووە. تەنانەت لە سەردەمی گەشەی چالاکیی پێشمەرگانەدا لە دەیەی ٦٠ی هەتاوی و سەرەڕای توانا سەربازییەکانیان، لە دەرەوەی سنوورەکانی ڕۆژهەڵات چالاکیی پێشمەرگانەیان نەکردووە، ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە کە ئامانج وەستانەوە بەرامبەر بە داگیرکاری و دواکەوتووی و دیکتاتۆری بوو. لە هەرێمی کوردستانیش حیزبەکان لەبەر بەرژەوەندیی هەرێم و هاووڵاتیانمان لەو بەشی کوردستان دەمێکە چالاکیی نیزامییان ڕاگرتووە و تەنیا چالاکیی سیاسی و تەبلیغی دەکەن، بۆیە پاساوەکانی ئەسەدی بۆ هێرشەکانی حکوومەتی ئێران بۆ سەر هەرێم و ئەوەی گوایە تەنیا لە دژی حیزبەکان کاریان کردووە درۆیەکی بێبەڵگە و بنەمایە، ئەم حکوومەتە دژی ئاسایش و ئارامیی هەرێمە و نایەوێ هەرێمی کوردستان سەقامگیر و دامەزراو بێت.

ئەسەدی دەڵێت ئەوان گرووپی «چەند دە کەسی»ن. پرسیار ئەوەیە: ئەگەر ئەوەندە کەمن و بە قسەی ئێوە پێگەی جەماوەرییان نییە، بۆچی حکوومەتی تاران نزیکەی هەزار هێرشی درۆن و مووشەکی کردووەتە سەر هەرێمی کوردستان؟ ئەم هاودژییە دەیسەلمێنێت کە تاران دژایەتیی کوردستان و بزووتنەوەکەی بە هەموو بەشەکانیەوە دەکات و دەزانن حیزبەکانی کوردستان توانای ڕێکخستن و هاودەنگکردنی جەماوەریان لە ڕۆژهەڵات هەیە و مانگرتنە گشتییەکانی ئەمدواییانەش ئەوەیان سەلماندووە، بۆیە ئەو ترسە وایکردووە هەموو هەوڵی خۆی بۆ زەبردان لێییان بخاتە گەڕ.

حیزبەکانی کوردستان نە پاشکۆ و گوێ لەمستی دەوڵەت و دەسەڵاتێکی دەرەکین و نە چاوەڕێی وتووێژ لەگەڵ حکوومەتێکی تیرۆریستی داگیرکەری ئێرانن. زمانی ئەو حکوومەتە بەرامبەر کوردستان تەنیا تاوانبارکردنی بێ بەڵگە و بنەما و هێرش و ئیعدام بووە و تەنانەت لە کاتی دانوستاندا تیرۆر و کوشتن شێوەی کاریان بووە. پرۆپاگاندەی تاران کەس هەڵناخڵەتێنێت، جێگەی نوێنەرانی ئەم ڕژێمە لە بەر تاوانەکانیان دژی نەتەوەی کورد و هەموو تاوانەکانی دیکەیان لە بەر دەم دادگایە، نەک سەر سکرینی تەلەڤیزیۆنەکانی کوردستان بۆ بڵاوکردنەوەی درۆ و بوختان دژی نەتەوەی کورد و بزووتنەوەکەی و حیزبەکانی.

## دریژەی سەروتار

بۆ ئەو مەبەستەش دەستی داوەتە گرتنی کەسانی ناڕازی، بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لە شەش مانگی ڕابردوودا بە سەدان گەنجی کورد بە بێ هۆکار و تەنیا بە بیانووی ئەوەی داوای مافە سەرەتاییەکانی خۆیان دەکەن، گیراون، و سێدارە و ئەشکەنجە چاوەڕێی بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی ئێران، بە تایبەتی کوردستان دەکات. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتانی ئەورووپی تەنیا ڕژێمی ئیسلامیی ئێرانیان ئیدانە کردووە یا گەمارۆیان خستووەتە سەر ئەو وڵاتە، کە ئەمە نە تەنیا نەیتوانیوە بەر بە کوشتاری خەڵک و زیندان و ئەشکەنجە و ئیعدام بگرێت، بەڵکوو بە پێچەوانەوە ڕژێم هارتر لە هەمیشە لە ئێران و بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەستی داوەتە تاوان؛ هەر ئێستا بە سەدان لاوی کورد لە سیاچاڵەکانی ڕژێمدا چاوەڕێی حوکمەکانیانن.

ڕژێمی ئیسلامی وەک جاران نە هێزی بەرگریی ماوە و نە توانای شەڕ و ئاڵۆزی لە ناوچەکەدا؛ هەر بۆیە لە ناوخۆدا بە توندی دەستی داوەتە سەرکوتکردنی خەڵکی خەباتکار. ئەمە لە لایەکەوە، و لە لایەکی دیکەشەوە دۆخی ئابووریی ئێران وای لە خەڵک کردووە کە چیتر توانای کڕینی شتومەکی ڕۆژانەی خۆیان نییە. هەموو ئەم دۆخە نیشاندەری ئەوەن کە ڕژێمی ئیسلامیی ئێران خۆی لە مەترسییەکی گەورەدا دەبینێت و بۆ ڕزگاربوون لەو کێشانە، خۆی لە هەموو شتێک سەرشێتانە وەردەدات و لە هەر چەکێک بۆ خۆدەربازکردن کەڵک وەردەگرێت.

لە کۆتائیدا دەبێ ئاماژە بە دوایین مانۆری نیزامی ئیسرائیل و ئەمریکا بکەم کە چەن ڕۆژی ڕابردوو لە سنووری ئێراق و ئێران ڕوویدا و ئەوە پیامێکی زۆر ڕوونی بۆ ڕژیمی ئیسلامی ئێران تیابوو، ئەویش ئەوە بوو کە ئەمەڤدوا هەلە یا دەبێت بە گشتی تەسلیمی ترامپ بن یا ئەوە کۆتا هەلتانە. ڕژیم یا دەبێت جامی ژارەکە بخواتەوە یا دوایین شەڕ بکات، لە هەر دوو ڕووەوە ڕژیم دواهەناسەکانی ژیانی خۆیی دەکێشێت، ڕژیم چ تەسلیم بێت و چ شەڕ هەڵبژێرێت، لە هەر دوو ڕووەوە شکەستی خواردوە و دەخوات، ئەگەر تەسلیم بێت، ئەوا جەماوەری وەزاڵە هاتووی ئێران بە تایبەتی کەسانی نزیک لە ڕژیمیش ئەوە قەبووڵ ناکەن و هەر ئێستە کێشەی جدیی لە نێوان لایەنگرانی ڕژیم و بەرپرسانی باڵا واتە شەش کەسی یەکەم لە ئارادایە.

# پێویستیی خۆگۆڕین و خۆنواندنی سیاسەتی کوردی



جەمیل سەرمەستی

دەیان ساڵە سەرەڕای ئەوەیکە هێرش و پەلاماری دڕندانە و بێوچانی داگیرکەرانی کوردستان بە هەموو شێوەیەک لەسەرمان بووە و هەیە و هەناسەمانی بڕیوە، سیاسەتێکی شەرمنانە و نەرم و هێدیمان گرتووەتە بەر و لە جێگەی ئەوەیکە بکەر بین چاولێکەر بووین و تەنیا کاردانەوەمان بەرامبەر ڕووداو و پێشهاتەکان و سیاسەتی ئەم و ئەو بووە؛ یان بووینەتە قوربانیی بەرژەوەندییەکانی نەتەوە و هێزەکانی دیکەی ناوچەکە و جیهان، یانیش سیاسەتی وڵاتانی دیکەمان کۆپی کردووە و کردوومانەتە نووشتە بۆ چارەنووسی کوردستان و خەڵکی بەش مەینەتی کورد.

لە ڕاستیدا هێشتا لە داوێک خۆمان ڕزگار نەکردووە، خۆمان و چارەنووسی خەڵکەکەمان خستۆتە داوێکی دیکەوە. ئەمانە نە ڕەشبینییە و نە دژایەتیی بزووتنەوەی کورد، بەڵکوو ڕوون و ڕاشکاو خستنەبەرچاوی هەنگاوەکانی ڕابردوو و ئێستاشمانە کە بە هیچ شێوەیەک نەمانتوانیوە ئەزموون لە مێژوو وەربگرین و بەردەوام لاسایی سیاسەتی ڕابردوومان کردووەتەوە و خۆمان لەو چەقبەستوویییەدا هێشتووەتەوە؛ بۆیە بە دەگمەن شک دەبەین کە هەنگاوێکمان بەرەو پێش نەچووبێت و دە هەنگاو پاشەکشەمان نەکردبێت. ڕەنگە توانیبێتمان تا هەنووکە بە دروشم ڕوومەتی بزووتنەوە و حیزبەکان سوور ڕابگرین، مەخابن ئێستا خەریکە دروشمەکانیشمان لە کرداردا دەبنە بڵقی سەر ئاو و دانەبەدانە بە دەستی خۆمان بە بیانوو و پاساوی جۆراوجۆرەوە ون دەبن.

بە گشتی نەمانتوانیوە سیاسەتێکی تایبەت بە خۆمان و بەرژەوەندییەکانی خۆمان لە چوارچێوەی مانیفێستێکی کوردستانیدا پێک بێنین و دوور کەوینەوە لەو چەمک و دەستەواژە و داوایانەی کە توانیویانە لە ڕووی هزری و کردەیییەوە خۆمان بە دەستی خۆمان بەند بکەن و باڵی فڕینمانیان بڕیوە.

یاریزانانی نێو گۆڕەپانی سیاسەتمان هیچ کات ئەوەندە بڕوایان بە خۆیان و گەلەکەیان نەبووە کە پشتئەستوور بن بە سیاسەت و کردەوەیەکی پتەو و لەسەری مانۆڕ بدەن. هەمیشە خۆیان و کوردستانیان لە بازنەی داگیرکەراندا پێناسە کردووە و بەداخەوە ئێستاشی لەگەڵ بێت دەیکەن و بە دیپلۆماسی و خەباتیش پێمان دەفرۆشنەوە.

> **دروشم ڕوومەتی بزووتنەوە و حیزبەکان سوور ڕابگرین، مەخابن ئێستا خەریکە دروشمەکانیشمان لە کرداردا دەبنە بڵقی سەر ئاو و دانەبەدانە بە دەستی خۆمان بە بیانوو و پاساوی جۆراوجۆرەوە ون دەبن.**
>
> **بە گشتی نەمانتوانیوە سیاسەتێکی تایبەت بە خۆمان و بەرژەوەندییەکانی خۆمان لە چوارچێوەی مانیفێستێکی کوردستانیدا پێك بێنین و دوور کەوینەوە لەو چەمك و دەستەواژە و داوایانەی کە توانیویانە لە ڕووی هزری و کردەیییەوە خۆمان بە دەستی خۆمان بەند بکەن و باڵی فڕینمانیان بڕیوە.**
>
> **یاریزانانی نێو گۆڕەپانی سیاسەتمان هیچ کات ئەوەندە بڕوایان بە خۆیان و گەلەکەیان نەبووە کە پشتئەستوور بن بە سیاسەت و کردەوەیەکی پتەو و لەسەری مانۆڕ بدەن. هەمیشە خۆیان و کوردستانیان لە بازنەی داگیرکەراندا پێناسە کردووە و بەداخەوە ئێستاشی لەگەڵ بێت دەیکەن و بە دیپلۆماسی و خەباتیش پێمان دەفرۆشنەوە.**

هەر بۆیە نەمانتوانیوە لە بەرانبەر داگیرکەرە گەورە و بچووک و ڕەنگاوڕەنگەکاندا خۆمان وەکوو خۆمانێکی بەهێز و خاوەن ناسنامەی تایبەت پێناسە بکەین و یەکگرتوو بین و هێزی خۆمان بۆ بەرژەوەندیی کوردستان بخەینە گەڕ.

ئەو سیاسەتوانە کوردانە هەموو بەرژەوەندییەکیان لە چوارچێوەی تاک، دەستە، خێڵ، حیزب، گرووپ و...دا بینیوەتەوە (کە ئەمە تا ئاستێک دروست و بەجێیە، بەڵام نەک بە نرخی قوربانیکردنی مافی نەتەوەیەک)؛ و لە ڕاستیدا دەتوانین بێژین لەباتی ئەوەیکە خەبات بۆ ڕزگاریی کوردستان و خەڵکەکە لە ژێردەستی بکەن و قورسایی خۆیان بەو هەموو خوێن و فرمێسکەی خەڵکی کوردەواری پێوانە بکەن، تێکۆشاون بۆ زەقکردنەوەی خۆیان و ئەو گرووپ و حیزب و تاقمگەلەی کە خۆیان بەسەریدا زاڵ بوون، و دەتوانین بڵێین کە کەم و زۆر دژ بە کوردستان سیاسەتیان کردووە. لەمەودا ئیتر پێویستمان بە دوژمن نەبووە ماڵمان کاول بکات و خۆمان لە خۆمان بێزار و دوور بکاتەوە، خۆمان ئەو ئەرکەمان وەئەستۆ گرتووە.

بەداخەوە ئەمڕۆکەش سەرەڕای ئەم هەموو شەڕ و ململانێ و ئاڵوگۆڕە سیاسییە لە ناوچەکە و جیهاندا، و سەرەڕای ئەوەی ڕۆژانە دەیبینین و دەیبیسین، زۆربەی بژاردە و ڕووناکبیر و خەباتکار و پێشەنگەکانی کۆمەڵگەی ئێمە ئەوەندەی لە بیری خۆتواندنەوەدان لە چوارچێوەی داگیرکەراندا، ئەوەندە لە بیری ڕزگاریی نەتەوە و نیشتمانەکەیاندا نین. بەشێک لەو کەسگەلەی کە ساڵانێکە بە ناوی خەباتکار خۆیان ناساندووە تەنانەت لە خوێنیش دەترسن و لە ڕاستیدا ناسکەخەباتکارن و تەنیا لە دۆخی ئاساییدا خەبات دەکەن. ئەمانە زۆربەیان پوازی شۆڕشن و زیانیان لە قازانج زیاتر بووە بۆ شۆڕشی ڕزگاریخوازیی کوردستان.

ئەگەر ئەمانەی سەرەوە وەکوو بەشێک لە بنەمای بەناو تێکۆشانمان بۆ ڕزگاری پێناسە بکەین، ئیدی ئەمڕۆمان هەر ئەوەی لێ دەوەشێتەوە کە هەیە و داهاتووشمان بێجگە لە توانەوەی خۆخوازانە ئەستەمە هیچی لێ شین بێت.

بۆیە پێویستمان بە خۆگۆڕین و خۆنواندنێکی نوێ بە سیاسەتێکی کردەیی تازەوە هەیە بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی سیاسی کە تاکە چارەسەرە بۆ دەرچوون لە توانەوە.

# ژن لە پێناسەی خۆیدا؛ کاتێک سیستەم ناتوانێت ژن وەک خۆی ببینێت



چیمەن جەوانڕوودی



**بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی» ئەم پرسیارەی بە شێوەیەکی نوێ هێنایە ناو کۆمەڵگە. «ژن» لەو دروشمەدا تەنیا گرووپێکی کۆمەڵایەتی نییە؛ بووەتە ناوەندی پرسیارکردن لە جەستە، ئازادی، یاسا، خێزان، کار، خوێندن، دەسەڵات و شێوازی ژیان. لەبەر ئەوە، ئەگەر ئەو بزووتنەوەیە بیەوێت بەردەوام بێت، پرسیاری داهاتووی تەنیا ئەوە نییە کە «چی بەدەست هێناوە؟»، بەڵکوو ئەوەیە: «ئایا ژن توانیویەتی شوێنی خۆی لە پێناسەکردنی خۆی و دیاریکردنی داهاتووی خۆیدا بەدەست بێنێت؟»**
**سەرکەوتن لەو کاتەدا دەست پێ دەکات کە ژن لە بابەتی قسەکردنی کۆمەڵگەوە بگۆڕێت بۆ خاوەنی قسەکردن؛ لە بابەتی یاساوە بگۆڕێت بۆ بەشداربووی دروستکردنی یاسا؛ لە بەشداربووی بزووتنەوەوە بگۆڕێت بۆ خاوەنی ئاڕاستەی بزووتنەوە. لەو ساتەدا، پرسیاری سەرەکی ئەوە نابێت کە «سیستەم بۆ ژن چی دەکات؟»، بەڵکوو دەبێت ببێتە «ژن چۆن سیستەم و پیوەرەکانی دەسەڵات دەگۆڕێت؟».**
**شایەد ئەمە هەمان ئەو خاڵەیە کە کێشەی ژن لە ئاستی داواکاریی مافەکانەوە دەباتە ئاستی دروستکردنی بیر، دامەزراندن و داهاتوو. چونکە ژن تەنیا کاتێك بە تەواوی دەبێتە خاوەنی پێناسەی خۆی، کە بتوانێت لەگەڵ ئەوانی تردا نەك تەنیا بۆ بەشداری لە سیستەمێکی هەنووکەییدا، بەڵکوو بۆ پرسیارکردن لە خودی ئەو سیستەمە و پێناسەکردنی شێوەیەکی نوێی ژیان و کۆمەڵگە کار بکات.**

ئەم پرسیارەی کە دەڵێت: «ژن کێیە؟» لەو پرسیارانەیە کە بە سادەیی دەردەکەوێت، بەڵام لە ناوەڕۆکدا پرسیارێکی قووڵی سیاسی، کۆمەڵایەتی و مرۆییە. چونکە کاتێک دەڵێین ژن کێیە، تەنیا باس لە جەستە یان ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتی ناکەین؛ باس لەوە دەکەین کە ژن خۆی چۆن خۆی پێناسە دەکات، چی دەوێت، چۆن تێدەگات و تا چەند مافی ئەوەی هەیە خۆی بڕیار بدات و ئاڕاستەی ژیانی خۆی دیاری بکات.

بۆ ماوەیەکی زۆر، پێناسەی ژن لە دەرەوەی خۆییەوە دراوە. کۆمەڵگە پێی گوتووە چۆن بژیت، خێزان پێی گوتووە تۆ چیت، ئایین و نەریت سنووری بۆ داناوە، دەوڵەت بە یاسا و دامەزراوەکانی خۆی شوێنی دیاری کردووە و حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانیش زۆرجار ژنیان لە چوارچێوەی ئەو پێناسەیەدا بینیوە کە لە لایەن سیستەمەکەوە پێشتر دانراوە.

لەو بارودۆخەدا، ژن زۆرجار بووەتە «بابەت»ی بڕیار، نەک «خاوەن»ی بڕیار. باس لە مافەکانی کراوە، بەڵام کەمتر پرسیار لەوە کراوە کە خۆی ژن چ پێناسەیەکی بۆ خۆی هەیە و چ جۆرە ژیانێکی دەوێت. لە باسکردنی ژندا، زۆرجار لەجیا ئەوەی بپرسین «ژن چی دەڵێت؟»، پرسیاریان کردووە «بۆ ژن چی دەبێت بکرێت؟».

ئەم جیاوازییە گرنگە؛ چونکە ئازادی تەنیا ئەوە نییە کە کۆسپێک لە بەردەم ژندا لاببرێت، ئازادی ئەوەشە کە ژن بتوانێت خۆی ببێتە سەرچاوەی پێناسەکردنی خۆی؛ بتوانێت بڵێت: من کێم، چیم دەوێت، چۆن دەژیم، لە کێوە فێر دەبم و چۆن بیر دەکەمەوە. بە واتایەکی تر، ژن دەبێت لە «بوونی دیاریکراو بۆی» بگوازێتەوە بۆ «بوونی دیاریکەر بۆ خۆی».

لێرەوە پرسیارێکی تر دێتە پێش: سیستەم و دامەزراوەکان چۆن لەگەڵ ئەم پێناسە نوێیەی ژندا مامەڵە دەکەن؟ دەوڵەت، یاسا، حیزب، دامەزراوەی ئایینی، پەروەردە، میدیا و تەنانەت هەندێک ڕێکخراوی مەدەنی، هەموویان بە شێوەیەک کاریگەرییان لەسەر پێناسەی ژن هەیە. بەڵام تاقیکردنەوەی ڕاستەقینەی ئەم دامەزراوانە ئەوە نییە کە چەند جار ناوی ژن دەهێنن یان چەند ژنیان لە پۆست و شوێنی بڕیارداندا هەیە، پرسیاری بنەڕەتی ئەوەیە: ئایا ژن لەوێدا خاوەنی دەنگ، بیر، بڕیار و ئاڕاستەکردنی خۆیەتی؟

ئەگەر ژن تەنیا بۆ پڕکردنەوەی شوێنێک لە دامەزراوەیەکدا بێت، بەڵام ئەو دامەزراوەیە هێشتا لەسەر بنەمای بیرکردنەوەی پیاوانە کار بکات، ئەوا بەشداریی ژن بە خۆییەوە بەرامبەر بە گۆڕانکاری نییە. ژن دەتوانێت لە ڕیزەکانی حیزبێکدا بێت، لە پەرلەماندا بێت، لە کۆمیتەیەکی بڕیارداندا بێت، بەڵام ئەگەر پرسیارە تایبەتەکانی ژنان، بیرکردنەوەی ژنان و دەسەڵاتی ژنان لەناو سیستەمەکەدا شوێنیان نەبێت، ئەوا هێشتا کێشە بنەڕەتییەکە چارەسەر نەکراوە.

لەبەر ئەمە، سەرکەوتنی ژن تەنیا بە ژمارە پێوانە ناکرێت. ژمارە گرنگە، بەڵام بەس نییە. ئەوەی گرنگترە، گۆڕینی پیوەرەکانی دەسەڵات و بڕیاردانە؛ بەو شێوەیەی ژن نەک تەنیا بەشدار، بەڵکوو خاوەنی پرسیار و بڕیار بێت.

بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی» ئەم پرسیارەی بە شێوەیەکی نوێ هێنایە ناو کۆمەڵگە. «ژن» لەو دروشمەدا تەنیا گرووپێکی کۆمەڵایەتی نییە؛ بووەتە ناوەندی پرسیارکردن لە جەستە، ئازادی، یاسا، خێزان، کار، خوێندن، دەسەڵات و شێوازی ژیان. لەبەر ئەوە، ئەگەر ئەو بزووتنەوەیە بیەوێت بەردەوام بێت، پرسیاری داهاتووی تەنیا ئەوە نییە کە «چی بەدەست هێناوە؟»، بەڵکوو ئەوەیە: «ئایا ژن توانیویەتی شوێنی خۆی لە پێناسەکردنی خۆی و دیاریکردنی داهاتووی خۆیدا بەدەست بێنێت؟»

سەرکەوتن لەو کاتەدا دەست پێ دەکات کە ژن لە بابەتی قسەکردنی کۆمەڵگەوە بگۆڕێت بۆ خاوەنی قسەکردن؛ لە بابەتی یاساوە بگۆڕێت بۆ بەشداربووی دروستکردنی یاسا؛ لە بەشداربووی بزووتنەوەوە بگۆڕێت بۆ خاوەنی ئاڕاستەی بزووتنەوە. لەو ساتەدا، پرسیاری سەرەکی ئەوە نابێت کە «سیستەم بۆ ژن چی دەکات؟»، بەڵکوو دەبێت ببێتە «ژن چۆن سیستەم و پیوەرەکانی دەسەڵات دەگۆڕێت؟».

شایەد ئەمە هەمان ئەو خاڵەیە کە کێشەی ژن لە ئاستی داواکاریی مافەکانەوە دەباتە ئاستی دروستکردنی بیر، دامەزراندن و داهاتوو. چونکە ژن تەنیا کاتێک بە تەواوی دەبێتە خاوەنی پێناسەی خۆی، کە بتوانێت لەگەڵ ئەوانی تردا نەک تەنیا بۆ بەشداری لە سیستەمێکی هەنووکەییدا، بەڵکوو بۆ پرسیارکردن لە خودی ئەو سیستەمە و پێناسەکردنی شێوەیەکی نوێی ژیان و کۆمەڵگە کار بکات.

ئەمەش پرسیارێکی کراوەیە بۆ داهاتوو: کەی ژن تەنیا بەشێک لە پێناسەی کۆمەڵگە نابێت، بەڵکوو خۆی دەبێتە خاوەنی پێناسەکردنی کۆمەڵگە؟



محەمەد حەکیمی

# کورد لە نێوان شەڕ و ململانێی ناوچەکەدا



جوگرافیای کوردستان لە نێوان چوار دەوڵەتدا هەڵکەوتووە و خاکەکەی مەکۆی نەوت، زێڕ و دەیان کانزای دیکەیە؛ هەر بۆیە بە هەموو شێوەیەک چوار دەوڵەتی ئێران، عێراق، تورکیا و سوریا دژی نەتەوەی کورد دەجەنگن و لە پەیمانی جەزائیرەوە تا پەیماننامە سێقۆڵییەکان، هەموویان دژی کورد بوون و هەن.

لە پاش شەڕی دوازدە ڕۆژە، هەست دەکەم ئێمە تەنیا لە بەردەم ئاڵوگۆڕێکی ئاساییدا نین؛ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی تووشی شەڕێکی کوشندە بووە. لە لایەکەوە گرووپە توندڕەوەکانی وەک «داعش، تالیبان، حەشدی شەعبی، حۆسییەکان، حەماس، حزبوڵڵا و ڕژێمی ئیسلامیی تاران» ناوچەکەیان بە گشتی شێواندووە. دوای هێرشی ٧ی ئۆکتۆبەری حەماس بۆ سەر ئیسرائیل و کوشتاری دڕندانەی ئەو هێزە، وای کرد کە ئیسرائیل بکەوێتە بیری ئەوەی هێرش بکات و چیتر بەرگری نەکات؛ بۆ ئەو مەبەستەش یەکەم جار حەماسی بە گشتی لەناو برد و دواتر لە ڕێگەی تەقاندنەوەی «پەیجەرەکانەوە» زیاتر لە ٢٠٠٠ ئەندامی حزبوڵڵای لە کار خست و دواتریش هێرشی کردە سەر ئەو هێزە. بەشێکی زۆر لە لوبنان بە هۆی حزبوڵڵاوە کاوڵ بوو و ئیسرائیل دەستی بەسەر بەشێکی زۆر لە خاکی لوبناندا گرت؛ لە سوریاش جگە لە بەرزاییەکانی گوڵان، تا نزیک دیمەشق چوو. دواتریش لە شەڕی دوازدە ڕۆژە و شەڕی ٣٩ ڕۆژەدا، زۆربەی بەرپرسانی باڵای ڕژێمی تارانی بە عەلی خامنەییشەوە لەناو برد و خەونی «هیلالی شیعی» بە گشتی تێک دا و خستیە گۆڕەوە.

ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی دیکەشمەوە ئەم شەڕە بۆ ئێمەی کورد بووە بە مۆتەکە و هەردەم یەخەی گرتووین؛ تەنانەت لەو ساتانەشدا کە ئەمریکا، ئێران و ئیسرائیل ئاگربەستیان واژۆ کردووە، ئێمە هەر لە بەردەم هێرشی ڕژێمی ئیسلامیی ئێراندا بووین و هەیین. ئێستا ئێمەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەردەم ساتێکی مێژووییدا وەستاوین.
ناوچەکە و بە تایبەتی کوردستان، کەوتووەتە نێوان ململانێ نێودەوڵەتییەکانەوە. ڕاستە شەڕ دیوێکی دزێو و ناڵەباری هەیە و ئێمەی کورد هەرگیز حەزمان لە شەڕ نەبووە، بەڵام کاتێک ناوەند ئامادە نییە بە دیالۆگ و گوفتوگۆ وەڵاممان بداتەوە و مافەکانمان —بە تایبەتی مافی دیاریکردنی چارەنووس کە سەرەتاییترین مافی هر مرۆڤێکە— دەستەبەر بکات، هیچ ڕێگەیەک ناهێڵێتەوە جگە لە شەڕ، ئەویش لە حاڵێکدا کە تەواوی ناوچەکە دەکوڵێت.
لە لایەکەوە ڕژێمی ئیسلامیی ئێران سەرپەرشتیی بەرەی بەناو «موقاوەمە» یان بەرەی توندئاژۆکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەکات، و وڵاتانی ئەمریکا و ئیسرائیلیش دژ بەو بەرەیە هاتوونەتە ناو شەڕەکەوە و «بنیامین نەتانیاهۆ» زۆر بە ڕاشکاوانە باس لە گۆڕینی نەخشەی جیۆپۆلیتیکی ناوچەکە دەکات. لەم ناوەندەدا کورد لە هەموو لایەکەوە کەوتووەتە بەر هێرشی ئەم هێزانە و ڕۆژانە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بە درۆنی خۆکوژ و هاژەک لە لایەن حەشد و ئێرانەوە بۆردومان دەکرێن. وەک هەمیشە نەتەوەی کورد کەسی نییە بەرگریی لێ بکات، تەنیا خۆیەتی و کێوەکان؛ ئێستاش کە شێوازی شەڕ گۆڕدراوە، هەر کێوەکان و بنکۆڵینی شاخەکان دەمانپارێزن.
ڕژێم لە سەرەمەرگی خۆیدایە، هەر بۆیە تەنیا و تەنیا تۆڵە لە کورد دەکاتەوە. ڕژێمی ئیسلامی دوای شەڕی ٣٩ ڕۆژە نەیتوانیوە تەنیا یەک هاژەک یا درۆنێکی خۆکوژ بنێت بە ئیسرائیلەوە، ئەمەش وای کردووە بۆ قەرەبووکردنەوە و هەروەها بۆ مەسرەفی ناوخۆیی خۆی، تەنیا هێرش بکاتە سەر کوردستان و بە خەڵکی ئێرانی بڵێت «ئێمە هێشتا هێزین و هەیین».
ئەم شەڕە بۆ ئیسرائیل و ئەمریکا بووەتە دەرفەتێکی ڕێگەپێدراو بۆ هێرشکردن و لەناوبردنی نەیارەکانیان. لە لایەکی دیکەشەوە ڕژێمی ئیسلامیی ئێرانیش بۆ مانەوەی خۆی و سەپاندنی هەژموونی خۆی بەسەر ناوچەکەدا، کارەساتی مرۆیی دەخولقێنێت. هەر ئێستا لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕژێمدا، بەهۆی گەمارۆ ئابوورییەکانی ئەمریکاوە، ڕۆژانە خەڵک لە برسان و نەگەیشتنی ڤیتامینی تەواو بە جەستەیان خەریکن دەمرن؛ مەرگێکی زۆر سادە و ساکار، مەرگێکی هێدی، لە پاڵ تێکشکانی بنەما کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکاندا.
خەڵک ماندووی شەڕی ئایەتوڵڵاکانن. کوشتنی خەڵکی بێتاوان لە ئێراندا ئەمڕۆکە لە لایەن ڕژێمەوە بووەتە شتێکی ئاسایی؛ هەر لە سەرەتای گرتنەدەستی دەسەڵات لە ئێراندا، دەستی دایە کۆمەڵکوژکردنی خەڵکی کوردستان و ڕژێم تەنیا بەوەش بەسەندەی نەکرد، لە ساڵی ١٣٦٨ی هەتاویدا لانیکەم ١٦ هەزار کەس لە زیندانەکانی ئێراندا تیرباران کران و دۆخەکە لە کوردستان زۆر لەوەش خراپتر بوو.
جێگەی ئاماژەیە کە ڕژێمی ئیسلامی بۆ ئەوەی بتوانێت کەسانی «فیدایی» یان گیانفیدا بەرهەم بهێنێت، منداڵانی ژێر ١٨ ساڵی چەکدار کردووە. لە دوا ڕاپەڕینی خەڵکی وەزارەتهاتووی ئێراندا، ئەو منداڵانەی نادرە سەر شەقامەکان و بەشێکی بەرچاو لەو خەڵکە ڕاپەڕیوەی کە گیانیان لە پێناو ئازادیدا بەخت کرد، بە دەستی ئەو منداڵانە کوژران. ڕژێم تەنیا بۆ ئەوەی شەڕکەری هەبێت، منداڵیی ئەو منداڵانەی کردە قوربانیی بەرژەوەندییەکانی خۆی.
لە کۆتاییدا دەبێت ئاماژە بەوە بکەم کە شەڕ بووەتە هۆی کاولکاری لە ئێراندا و خەڵک بوونەتە قوربانیی ڕژێمێک کە هیچ شتێک لە انسانیەت نازانێت و تەنیا بەرژەوەندیی ئایینی لە بەرچاوە. ئەو ڕژێمە بۆ ئەوەی پەرە بە «هیلالی شیعی» بدات، هەموو سامانی وڵاتی ئێرانی کردووە بە قوربانیی گرووپە توندڕەوەکانی وەک حەماس، حزبوڵڵا، حەشدی شەعبی، حۆسییەکان و هتد. ڕژێمێک کە هیچ شتێکی بۆ گرنگ نییە جگە لەوەی پەرە بە ئایینێکی توندڕەو بدات و لە جیهاندا ڕق و تورەیی بڵاو بکاتەوە.

ڕژێمی ئیسلامیی ئێران خۆی لە خۆیدا «داعش»ە؛ ئەوەی داعش لەم دواییانەدا لە عێراق و حەماس لە ئیسرائیل کردیان، ڕژێمی ئیسلامیی ئێران لە سەرەتای هاتنە سەر کاری لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا ئەنجامی دا. یەکەم هەنگاوی بە فەرمانی خومەینی بوو کە گوتی «لە وشکانی، دەریا و ئاسمانەوە هێرش بکەنە سەر کوردستان»، دواتریش «ئابولحەسەنی بەنیسەدر» فەرمانی بە ئەرتەش دا کە «پۆستاڵەکانتان لە پێ نەکەنەوە تا کوردستان ڕزگار دەکەن». ئەمە فەرمانی کۆمەڵکوژکردنی خەڵکی کوردستان بوو لە لایەن خومەینی و بەنیسەدرەوە؛ ئەوەش نیشاندەری ئەوەیە کە هیچ کام لەوانەی لە ئێراندا دەسەڵات دەگرنە دەست —چ مەزهەبی و چ عەلمانی— جیاوازییان نییە و دەبنە پەروەردەکاری داعش.

# نەخۆشیی کاپیتالیزمی نوێ؛ بێکاریی پێکهاتەیی و بنەمایی



ژیلا ئەحمەدی



**قەیرانی ئابووری و شوێنەوارە/شۆکە دەرەکییەکان دەتوانن لەسەر بارودۆخی کار و پیشەکان کاریگەرییان هەبێت. لە دەورانی وەستان یان قەیراندا، کەمبوونەوەی هەلی کار کە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی بەشداریی ئابووری یان دەرچوونی کەسەکان لە بازاڕی کاردا، لەسەر ڕێژەی بێکاری کاریگەر دەبێت. لە ڕوانگەی مارکسەوە، سیستەمەکانی کاپیتالیستی لەگەڵ کۆمەڵێك قەیراندا ڕووبەڕوو دەبنەوە؛ چونکە سەرمایەدارەکان زۆربەی کات سەرکێشی/سەرکێشیی گەورە دەکەن تا قازانجی زۆرتر بەدەست بێنن و ئەمەش دەبێتە هۆکاری تێکچوونی نرخەکان و بارودۆخی پیشەکان. قەیرانەکانی کاپیتالیستی نە بەهۆی کەمییەوە، بەڵکوو بەهۆی زۆری و زێدەڕۆییەوە دروست دەبن. بە بڕوای مارکس، هەموو کەس و هەموو شتێك دەبێتە ئامرازێك بۆ بەدەستهێنانی پارە و هەموو کاتێك بە بیرمان دەخاتەوە پەرۆش و ژێردەست بین و هەست بەوە بکەین کە لەگەڵ خەڵکانی تردا لە ململانێداین و لە جیهانی سیاسەتیشدا تەنیا بیر لە بەرژەوەندیی خۆمان بکەینەوە، و لە جیهانی سەرمایەداریدا شتێك بە ناوی ئەمنییەتی پیشەییەوە بوونی نییە.**

بێکاری لە سەردەمی نوێدا کێشەیەکی کۆمەڵایەتیی گەورەیە. لە هەموو جیهاندا بێکاری بوونی هەیە، بەڵام ڕێژەکەی جیاوازە؛ لە هەندێک وڵاتدا ڕێژەی بێکاری زۆر بەرزە و لە هەندێک وڵاتدا کەمە و لە ئاستێکی خوارەوەدا یان بە جۆرێک کۆنترۆڵ دەکرێت، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی حکوومەت لەو وڵاتانەدا.

ئەگەر چاو ببخشێنین بە مێژوودا، پێش سەرهەڵدانی سەرمایەداریی نوێ و بازاڕی کاری ئازاد، لە سەردەمی ئەرباب و ڕەعییەتدا (ئاغا و ڕەعییەتدا) بێکاری زۆر نزم بووە؛ چونکە سیستەمی ئاغا و ڕەعییەتی سیستەمێکی کشتوکاڵی بوو و گوندەکان زۆرتر لە شارەکان بوون و زۆربەی جووتیاران بەستراو بە ئەرباب و ئاغاوە بوون و دەبوو لەسەر زەویی خان کاریان بپەڕێنن/بکەن. بۆیە هەموو کاتێک کار بوو و ئەو کەسانەی ئیشیان نەبوو یان ئەو کەسانەی لە زەویی ئاغا دەرکرابوون، پێیان دەگوترا «بێکار»، هەروەها کەسانی هەژار و نەدار، سواڵکەر یان ئاوارەش بە بێکار دەناسران. ئەلبەت لەو سەردەمەدا بێکاریی وەرزیش هەبوو کە زۆرتر لە زستاندا ڕووی دەدا و لەم کاتانەشدا خەڵکەکە بە ئیشی چنین و کاری ڕستن، چاککردنەوە و نووژەنکردنەوەی ئامێرەکانەوە سەرقاڵ بوون. وەرزی پڕ لە ئیش بەهار و هاوین بوو کە کاتی کێڵان و کۆکردنەوەی بەرهەمەکان بوو کە حەتا منداڵانیش لەگەڵ دایک و باوکیان لەسەر زەویی خان و ئاغادا ئیشیان دەکرد؛ چونکە دەبوو هەم بەشی ئاغایان دابین بپەڕێنێت/بکات و هەم نانی خۆیان. لە سیستەمی ئەرباب و ڕەعییەتدا بەهۆی پەیوەندیی نەریتیی پشتیوانیی ئاغا و ڕەعییەتەوە، ئاغا و خان ئەرکی لەسەر بوو لە کاتی وشکەساڵی و پیریدا لانیکەم خواردەمەنی و خۆراکی ڕەعییەت و جووتیارەکانی دابین بکات.

بەڵام لە سەردەمی نوێی سەرمایەداری و بازاڕی کاری ئازاددا، کرێکار تەنیا کاتێک بۆ خاوەنی پیشەسازییەکان قازانجبهێنە کە دامەزرا بێت، بەڵام ئەگەر داواکاری لە بازاڕدا کەم بێتەوە یان کارگە و مەعمەل و پیشەسازییەکە داخرا بێت، کرێکار دەردەکرێت. بێکاری بە ئینگلیزی (Unemployed) واتە کەسێک کە ئامادەیی و خوازیاری ئیشکردنە بەڵام لە کۆمەڵگە و بازاڕدا هیچ ئیشێک بۆ ئەم کەسە نییە و بێکارە. بێکاری لە ڕوانگەی کۆمەڵناسەکانەوە کێشەیەکی تاکەکەسی نییە، بەڵکوو کێشەیەکی کۆمەڵایەتییە کە بەهۆی دابەشکردنی دارایی و دەرفەتەکانەوە دروست دەبێت. لە ڕوانگەی ئابووریناسانەوە بەرزبوونەوەی حەشیمەت و دانیشتووان و هەروەها بەرزبوونەوەی کێبڕکێی نێودەوڵەتی لە سەنایعدا دەبێتە هۆی بێکاری.

بەڵام لە ڕوانگەی مارکسەوە بێکاری دیاردەیەکی بەڕێکەوت نییە، بەڵکوو بەشێکی پێویست و ئامرازێکە بۆ نظام/سیستەمی سەرمایەداری کە بە سەردێڕی «سوپای پاشکەوتی پیشەسازی» (Reserve army of labor) ناوی دەبات.

بە بڕوای مارکس، سەرمایەدارەکان بە گرووپێک لە کرێکارانی بێکار و نیمچەبێکار پێویستیانە کە بەردەوام لە بەردەستدا بن؛ بوونی ئەم گرووپە دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە کرێکارانی فەرمانبەر و دامەزراو ترسی ئەوەیان بێت کە ئەگەر دەربکرێن جێگرەوەیان زۆر هەیە و خاوەنکارەکان ئەمە وەکوو هەڕەشەیەک بەکار بێنن بۆ کەمکردنەوەی حەقدەستەکان و زیاتکردنەوەی چەوسانەوە.

قەیرانی ئابووری و شوێنەوارە/شۆکە دەرەکییەکان دەتوانن لەسەر بارودۆخی کار و پیشەکان کاریگەرییان هەبێت. لە دەورانی وەستان یان قەیراندا، کەمبوونەوەی هەلی کار کە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی بەشداریی ئابووری یان دەرچوونی کەسەکان لە بازاڕی کاردا، لەسەر ڕێژەی بێکاری کاریگەر دەبێت. لە ڕوانگەی مارکسەوە، سیستەمەکانی کاپیتالیستی لەگەڵ کۆمەڵێک قەیراندا ڕووبەڕوو دەبنەوە؛ چونکە سەرمایەدارەکان زۆربەی کات سەرکێشی/سەرکێشیی گەورە دەکەن تا قازانجی زۆرتر بەدەست بێنن و ئەمەش دەبێتە هۆکاری تێکچوونی نرخەکان و بارودۆخی پیشەکان. قەیرانەکانی کاپیتالیستی نە بەهۆی کەمییەوە، بەڵکوو بەهۆی زۆری و زێدەڕۆییەوە دروست دەبن. بە بڕوای مارکس، هەموو کەس و هەموو شتێک دەبێتە ئامرازێک بۆ بەدەستهێنانی پارە و هەموو کاتێک بە بیرمان دەخاتەوە پەرۆش و ژێردەست بین و هەست بەوە بکەین کە لەگەڵ خەڵکانی تردا لە ململانێداین و لە جیهانی سیاسەتیشدا تەنیا بیر لە بەرژەوەندیی خۆمان بکەینەوە، و لە جیهانی سەرمایەداریدا شتێک بە ناوی ئەمنییەتی پیشەییەوە بوونی نییە.

ئەگەر بێین چاو لە ئێران بکەین لە بواری بێکاریدا، بەپێی بڵاوکراوەی توێژینەوەکانی ئابووریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ساڵی ١٣٨٤ی هەتاویدا لە ڕاپۆرتێکی تەواوی شیکارانەدا لە بواری قەیرانی بێکاری لە ئێراندا نووسیویەتی: «قەیرانی بێکاری ٤٠ لەسەد لە ئێراندا دەبێت بە ٢٨ ملیۆن کەس، کە حەشیمەتی تەواوی ئێرانی بە جۆری ڕێژەیی تووشی هەژاری و نەداریی ئابووری کردووە». لە ساڵی ١٤٠٤ی هەتاویشدا ڕێژەی بێکاریی لاوانی تەمەن ١٥ بۆ ٢٤ ساڵ گەیشتووە بە ٢١.٢٪، کە لە ساڵی ١٤٠٥دا بەهۆی قەیرانە ئابوورییەکانەوە نرخی بێکاری ٧ بۆ ٨ لەسەد زیادی کردووە؛ کە بەپێی قسەی ئابووریناسان ئەم ڕێژەیە لە جیهانی ڕاستەقینەدا زۆرترە. هەروەها دوای شەڕی ٣٩ ڕۆژەی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ ئێراندا، دوو ملیۆن کەسی دیکە بێکار بوون و قەیرانی بێکاری بووەتە پرسی ڕاستەقینەی ئێران.

بەشداریی ژنان وەکوو نیوەی کۆمەڵگە لە بازاڕی کاری ئێراندا لە بەراوردکردن لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا زۆر نزمە. بەپێی ڕاپۆرتە فەرمییەکانی ناو ئێران، ٨٦ لەسەدی ژنان لە بازاڕی کاردا بەشدار نین، و لە ساڵی ٢٠٢٤دا ڕێژەی بێکاریی ژنانی ١٥ بۆ ٢٤ ساڵ لە ٢٦ پارێزگای ئێراندا زیاتر لە ٢٠ لەسەد بووە؛ کە زۆرترینیان پارێزگاکانی کۆهگیلۆیە و بوێرئەحمەد، سمنان، و چوارمەحاڵ و بەختیاری بووە، کە هۆکاری زۆربەی کێشەکان ئابووری، کۆمەڵایەتی، کلتووری و یاساییە.

یەکێکی تر لە فاکتەرەکانی بێکاری، بێکاری لە شار و پارێزگاکانی سەرسنوورە کە ڕێژەی بێکارییان زۆرە، و زۆرترینیان پارێزگای کرماشان و دواتریش پارێزگاکانی سیستان و بەلووچستان و خوزستانە؛ کە هۆکاری سەرەکیی بابەتە سیاسی و ئایدۆلۆژییەکان و پەراوێزخستنی پارێزگاکانی سەرسنوورە بەهۆی جیاوازی، گرنگینەدان و بابەتە ئەمنییەکانەوە؛ کە زۆربەی خەڵک لەم ناوچانەدا بە تایبەت ناوچە کوردنشینەکان ڕوو دەکەنە ئیشی کۆڵبەری و ژیانیان دەکەوێتە مەترسییەوە بۆ بژێویی ژیانیان.

# مافی مرۆڤ بنەمای هاوبەشە، بەڵام بەڵگەنامە، ستەمە بنەڕەتییەکان لەناو نابات

## لە پەراوێزی کۆنفرانسەکەی ئۆسلۆ





ئارەزوو کەمانگەر

ڕۆژی ٢٥ی سێپتەمبەری ٢٠٢٦، کۆنفرانسی «قەیرانی مافی مرۆڤ لە ئێران؛ لە بنەما هاوبەشەکانەوە بۆ کردەوەی هاوبەش» لە ئۆسلۆی نەرویژ بەڕێوە چوو. لەو کۆنفرانسەدا نوێنەرانی بەشێک لە حیزب و هێزە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران و هەروەها نوێنەرانی نەتەوە و بزووتنەوە جیاوازەکان بەشدار بوون، لەوانەش کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان.

ئەم کۆنفرانسە دەرئەنجامی پرۆسەیەکی ساڵێک گفتوگۆ و دانوستاندن بوو لەسەر کۆمەڵێک بنەمای کەمینەی مافی مرۆڤ بۆ قۆناغی گواستنەوە، کە لە کۆتاییدا بە واژۆکردنی بەڵگەنامەکە لە لایەن لایەنە بەشداربووەکانەوە کۆتایی هات. هەنگاوێکی لەم جۆرە، لە ڕووی دروستکردنی بوارێکی هاوبەش بۆ گفتوگۆ و هاوکاریی هێزە سیاسییە جیاوازەکانەوە، گرنگە، بەڵام گرنگتر لە خودی واژۆکە، ئەو پرسیارەیە کە لە دوای واژۆکردنەکەدا دەبێت بخرێتە بەردەم هەموو لایەنەکان: ئایا بەڵگەنامەیەکی مافی مرۆڤ دەتوانێت بە تەنیا کۆتایی بە ستەمی نەتەوەیی، جێندەری، چینایەتی و ستەمە پێکهاتەییەکانی دیکەی ناو کۆمەڵگەی ئێران بێنێت؟

وەڵامەکە بە ڕوونی «نا»یە. چونکە لە نێوان دانان بە ماف و دەستەبەرکردنی ماف، لە نێوان ئەوەی لە دەقێکی یاساییدا بە فەرمی بناسرێت و ئەوەی لە واقعێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بکرێتە مافی زیندوو، مەودایەکی زۆر گەورە هەیە. ماف بە خۆی خۆی پەیوەندییەکانی دەسەڵات ناگۆڕێت؛

**بۆ نەتەوەی کورد و نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئێران، ئەم خاڵە گرنگترە، چونکە پرسی نەتەوەیی نابێت لە چوارچێوەی دەستەواژەی گشتیی «یەکسانیی هەموو هاووڵاتییان»دا بتوێنرێتەوە. یەکسانیی هاووڵاتیبوون بنەمایەکی پێویستی مافی مرۆڤە، بەڵام وەڵامی هەموو پرسی نەتەوەیی نییە. پرسیارە سەرەکییەکە تەنیا ئەوە نییە کە تاکی کورد یان نەتەوەکانی ژێر ستەم لە بەرامبەر یاسادا لەگەڵ تاکەکانی دیکەدا یەکسان بێت، پرسیارەکە ئەوەیە کە نەتەوەکانی بندەست چ مافی سیاسی و دامەزراوەییان هەیە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیان و دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان. مافی زمان و کلتوور، مافی بەڕێوەبردنی کاروباری خۆی، بەشداریی ڕاستەقینە لە دەسەڵاتدا و مافی دیاریکردنی چارەنووس، بابەتگەلێکن کە بە یەك ڕستەی «یەکسانیی هاووڵاتییان» چارەسەر نابن، چونکە ئەوەی لە ئاستی تاکدا یەکسانییە، لە ئاستی نەتەوەدا لەوانەیە بەردەوامیی پێکهاتەی بندەستی بێت.**

ئەگەر هێز و دامەزراوە و کۆمەڵگەی سیاسی نەبنە هێزی جێبەجێکردن و پاراستنی ئەو مافانە. بەڵگەنامەکە دەتوانێت لە سنووری دەق و پابەندیی ئەخلاقییەوە پێشتر نەچێت. لە بنەڕەتدا، ستەم تەنیا لە نەبوونی یاسای دادپەروەرانەدا نییە، ستەم لە پێکهاتەی دەسەڵات، دابەشکردنی سامان و دەرفەت، هەژموونی سیاسی و کلتووری، دامەزراوەکان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا جێگیرە. بۆیە ئەگەر ئەم پەیوەندییانە نەگۆڕدرێن، تەنانەت دەستوورێکی پێشکەوتوو و یاسایەکی فراوانی مافی مرۆڤیش ناتوانێت بە تەنیا میراتی ستەم لەناو ببات.

ئەزموونی ئەفریقای باشوور لەم بارەیەوە نموونەیەکی گرنگە: ڕووخانی ئەپارتاید و دامەزراندنی دەستوورێکی نوێ لەسەر بنەمای یەکسانی، گۆڕانێکی مێژوویی بوو، بەڵام نایەکسانیی مێژوویی لە سامان، زەوی و دەرفەتە ئابوورییەکان بە خۆکار لەگەڵ گۆڕانی سیاسییدا نەڕووخا. لە هیندستانیش، سەرەڕای دەستوور و یاساکانی دژی جیاکاری، هەندێک لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە مێژووییەکان کە جیاکاری دژی دالیتەکان و کۆمەڵگە بومییەکان بەرهەم دەهێنن، هێشتا بەردەوامن.

واتە یاسا دەتوانێت جیاکاری قەدەغە بکات، بەڵام گۆڕینی یاسا بە تەنیا بە مانای گۆڕینی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییە نییە کە جیاکاری و نایەکسانی لەناویان کۆتایی پێ نایەت و دووبارە بەرهەم دەهێنرێتەوە.

ئەمە بۆ ئێران گرنگییەکی تایبەتی هەیە چونکە قەیرانی ئێران تەنیا قەیرانی نەبوونی ئازادییە مەدەنی و سیاسییەکان نییە، بەڵکوو قەیرانی پێکهاتەی دەسەڵات و شێوازی دابەشکردنی دەسەڵات و سامانە. پرسی نەتەوەیی، مافی دیاریکردنی چارەنووس، نایەکسانیی جێندەری، ستەمی ئابووری و نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی، هەموویان لەگەڵ ئەو پێکهاتە سیاسییە پەیوەندیدارن کە دەسەڵات لەسەر بنەمای ئەوەی «کێ بڕیار دەدات و کێ بڕیاری لەسەر دەدرێت» دابەش دەکات. لەبەر ئەوە، گواستنەوەی سیاسی لە ئێراندا نابێت تەنیا بە گۆڕینی ناوی سیستەم یان دەسەڵاتدارانی ناوەند سنووردار بکرێت، ئەگەر پەیوەندییە بنەڕەتییەکانی دەسەڵات بەجێ بمێنن، گۆڕانەکە لە ئاستی ناوەڕۆکدا دەتوانێت تەنیا گۆڕینی بەڕێوەبەر بێت، نەک گۆڕینی پێکهاتە.

...بۆ ل ٧

**درێژەی لاپەڕەی ٧**

بۆ نەتەوەی کورد و نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئێران، ئەم خاڵە گرنگترە، چونکە پرسی نەتەوەیی نابێت لە چوارچێوەی دەستەواژەی گشتیی «یەکسانیی هەموو هاووڵاتییان»دا بتوێنرێتەوە. یەکسانیی هاووڵاتیبوون بنەمایەکی پێویستی مافی مرۆڤە، بەڵام وەڵامی هەموو پرسی نەتەوەیی نییە. پرسیارە سەرەکییەکە تەنیا ئەوە نییە کە تاکی کورد یان نەتەوەکانی ژێر ستەم لە بەرامبەر یاسادا لەگەڵ تاکەکانی دیکەدا یەکسان بێت، پرسیارەکە ئەوەیە کە نەتەوەکانی بندەست چ مافی سیاسی و دامەزراوەییان هەیە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیان و دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان. مافی زمان و کلتوور، مافی بەڕێوەبردنی کاروباری خۆی، بەشداریی ڕاستەقینە لە دەسەڵاتدا و مافی دیاریکردنی چارەنووس، بابەتگەلێکن کە بە یەک ڕستەی «یەکسانیی هاووڵاتییان» چارەسەر نابن، چونکە ئەوەی لە ئاستی تاکدا یەکسانییە، لە ئاستی نەتەوەدا لەوانەیە بەردەوامیی پێکهاتەی بندەستی بێت.

هەمان شت لەبارەی ستەمی جێندەرییەوە ڕاستە. دانان بە یەکسانیی ژن و پیاو و یەکسانیی جێندەری لە یاسادا پێویستە، بەڵام ئەگەر پەیوەندییەکانی دەسەڵات، دابەشکردنی کاری ناوخۆ، نایەکسانیی ئابووری، توندوتیژی دژی ژنان و کەمبوونی بەشداریی ژنان و کەمینە جێندەرییەکان لە ناوەندەکانی بڕیارداندا نەگۆڕدرێن، یەکسانیی یاسایی دەتوانێت لە ئاستی کاغەزدا بمێنێتەوە.

بەرەنگاربوونەوەی ستەمی جێندەری پێویستی بە خەباتێکی ڕێکخراو و درێژخایەنە و پێویستیشی بە گۆڕینی ئەو هێزە هەیە کە نایەکسانی بەرهەم دەهێنێت و دووبارەی دەکاتەوە.

هەروەها مافی مرۆڤ نابێت لە ئازادییە مەدەنی و سیاسییەکاندا کورت بکرێتەوە. مافی کرێکار، مامۆستا، خانەنشین، کاسبکار و چین و گرووپە کەمداهاتەکان بۆ ژیانێکی شایستە، کاری ئاسایشدار، پەروەردە، تەندروستی و بەشێکبوون لە سامان و دەرفەتەکانی کۆمەڵگە، بەشێکی دانەبڕاوە لە دادپەروەری. ئەگەر لە داهاتووی ئێراندا تەنیا شێوەی دەسەڵات بگۆڕدرێت، بەڵام نایەکسانیی ئابووری و دابەشکردنی ناعادڵانەی سامان و دەرفەت بەردەوام بن، ئەوا گۆڕانە سیاسییەکە هێشتا نەیتوانیوە بە تەواوی لەگەڵ پێویستییەکانی دادپەروەریی کۆمەڵایەتیدا بگونجێت.

لەو چوارچێوەیەدا، هەڵوێستی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لە واژۆکردنی بەڵگەنامەکەدا دەبێت بە وردی بخوێندرێتەوە، چونکە کۆمەڵە بە واژۆکردنی ئەو بەڵگەنامەیە، لەگەڵ ئەوەی بنەما هاوبەشەکانی مافی مرۆڤی بە گرنگ دەزانێت، واژۆکەی بە چوار مەرجی سەرەکییەوە گرێ داوە:

١. دانان بە بوونی نەتەوەی کورد و مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی.
٢. دانان بە ڕەوایی و ڕۆڵی هێزی پێشمەرگە لە قۆناغی گواستنەوەدا.
٣. بەرزکردنەوەی پرسی مافی ژنان و کەمینە جێندەرییەکان لە ئاستی یەکسانیی یاساییەوە بۆ ناسینەوە و چارەسەرکردنی ستەمە پێکهاتەیییەکان.
٤. دانانی دادپەروەریی ئابووری و کۆمەڵایەتی و مافی چینە زەحمەتکێشەکان لە ناو بنەماکانی گواستنەوەدا.

ئەم چوار خاڵە هەوڵێکن بۆ ئەوەی «مافی مرۆڤ» لە ئاستی دەستەواژەی گشتییەوە بخرێتە ناو ناوەڕۆکی سیاسیی گۆڕانەوە، و نیشان دادەدرێت کە ماف کاتێک مانای ڕاستەقینەی خۆی دەدۆزێتەوە کە لەگەڵ گۆڕینی پەیوەندییەکانی دەسەڵات و لەناوبردنی بنەماکانی ستەمدا بەستراوەتەوە.

لە هەمان کاتدا، بابەتێکی دیکەی ئەم کۆنفرانسە سەرنجڕاکێش بوو: بەشدارینەکردنی هەندێک لە هێزە ئۆپۆزیسیۆنە بەناو سەرانسەرییەکانی ئێران، لەوانە پەهلەوییەکان، مجاهیدین، ڕەوتە مەشرووتەخوازەکان و هەندێک لایەنی دیکە. ئەم نەبوونییە خۆی پرسیارێکی سیاسییە و دەکرێت هۆکاری جیاوازی هەبێت، بەڵام ئەوەی نابێت ڕوو بدات، ئەوەیە بەشدارینەکردنی ئەوان بکرێتە بەهانە بۆ سووککردنەوەی ئەو هەنگاوە و لە ناوەڕۆکی سیاسیی بەڵگەنامەکە دوور بخرێینەوە. هەندێک کەس وای لێک دەدەنەوە کە چونکە هەندێک لایەنی بەناو سەرانسەری لە کۆنفرانسەکەدا بەشدار نەبوون، ئەوا کۆبوونەوەکە سەتحی و خوار و نزمە. ئەم لێکدانەوەیە نەک تەنیا هەنگاوەکە بە پێوەری هەڵە دەپێوێت، بەڵکوو هەمان ئەو تێگەیشتنە ناوەندگەرا و ژمارەمەحوەرە دووبارە دەکاتەوە کە هەموو شتێک بەپێی ئامادەبوونی چەند ناوێکی دیار لە ناوەندەوە پێوانە دەکات.

ئەوەی گرنگە، ئەوەیە هێزە جیاوازەکان بتوانن لەسەر بنەماکانی مافی مرۆڤ و مافە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگە کۆ ببنەوە، جیاوازییە سیاسییەکانیان بناسن و لە هەمان کاتدا بۆ خاڵە هاوبەشەکان میکانیزمی هاوکاری دروست بکەن. بەرە، چەتر یان کار و هەنگاوی هاوبەش و فراوان لە نێوان هێزە غەیرەسەراسەرییەکاندا، بە تایبەتی هێزەکانی نەتەوە بندەستەکان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان، دەتوانێت گرنگییەکی سیاسیی هەبێت؛ نەک تەنیا بۆ کۆکردنەوەی واژۆ، بەڵکوو بۆ ئەوەی دەنگ و خواستە جیاوازەکانی کۆمەڵگە لە پرۆسەی داهاتووی سیاسیی ئێراندا بە شێوەیەکی ڕێکخراوتر و کاریگەرتر بخرێنە پێشەوە. هاوبەشیی ڕاستەقینەش بەوە دروست نابێت کە هەموو لایەنەکان لەسەر هەموو شتێک هاوڕا بن، بەڵکوو بەوە دروست دەبێت کە لەگەڵ ناسینی جیاوازییە بنەڕەتییەکاندا، بتوانن لەسەر کەمترین بنەما هاوبەشەکان ڕێک بکەون و ئەو ڕێککەوتنە بکەنە بناغەی هاوکارییەکی سیاسیی درێژخایەن.

لەبەر ئەوە، بەڵگەنامەی مافی مرۆڤ نابێت وەک خاڵی کۆتایی بخوێندرێتەوە، بەڵکوو دەبێت وەک خاڵی دەستپێکی پرۆسەیەکی فراوانتر بێت؛ پرۆسەیەک کە لە تێگەیشتن لە مافەوە بگاتە دەستەبەرکردنی ماف، لە واژۆکردنی دەقەوە بگاتە دروستکردنی میکانیزمی جێبەجێکردن، و لە هاوڕایی لەسەر بنەماکانەوە بگاتە هاوکاریی سیاسیی ڕاستەقینە. ئەگەر ئەمە ڕوو بدات، ئەوا ئەو کۆنفرانسە دەتوانێت ببێتە بەشێک لە هەوڵی دروستکردنی بەرەیەکی فراوانتر بۆ داهاتووی سیاسیی ئێران؛ بەرەیەک کە تێیدا مافی مرۆڤ نەک وەک دەقێکی جوان، بەڵکوو وەک بنەمای ڕێکخستنی دەسەڵات و پەیوەندییەکانی کۆمەڵگە سەیر بکرێت.

لە کۆتاییدا، نابێت لە بیرمان بچێت کە واژۆکردنی بەڵگەنامە تەنیا دەستپێکە و دەتوانێت بنەما دیاری بکات، بەڵام ناتوانێت تەنیا خۆی، ستەم لەناو ببات. ئەوەی لە کۆتاییدا دیاری دەکات کە ئایا ئەم بنەما هاوبەشە دەبێتە واقع یان نا، ئەو هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییانەن کە ئامادەن لە دوای واژۆکردنەکەش بەردەوام بن لە گۆڕینی ئەو پێکهاتانەی کە ستەم بەرهەم دەهێنن و بەردەوامیی پێ دەدەن. مافی مرۆڤ بنەمای هاوبەشە، بەڵام ئەگەر ئەو بنەمایە نەگاتە گۆڕینی پەیوەندییەکانی دەسەڵات، دابەشکردنی سامان و دەرفەت، و لەناوبردنی پێکهاتەکانی ستەم، ئەوا هێشتا لە سنووری بەڵگەنامەدا ماوەتەوە.

# پەیوەندیی نێوان کورد و بزووتنەوەی چەپ





ئارمان کورد

پەیوەندیی نێوان کورد و بزووتنەوەی چەپ یەکێکە لە بابەتە سیاسی و فکرییە گرنگەکانی مێژووی هاوچەرخی کوردستان. ئەم پەیوەندییە تەنیا پەیوەندیی نێوان دوو بیرۆکە نەبووە، بەڵکوو لە ناو ململانێی دەسەڵات، نەتەوە، چین، ئازادی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتیدا گەشەی کردووە؛ بۆیە تێگەیشتن لە مێژووی چەپ لە کوردستاندا، بەبێ تێگەیشتن لە پرسی کورد و بارودۆخی سیاسیی ناوچەکە تەواو نابێت.

بیرۆکەکانی سۆسیالیزم، مارکسیزم و کۆمۆنیزم لە سەدەی بیستەمدا لە ڕێگەی ڕۆشنبیران، خوێندکاران و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ناوچەکەوە گەیشتنە کۆمەڵگەی کوردی. ئەم بیرۆکانە لەگەڵ خۆیاندا پرسیاری نوێیان هێنا: کێ دەسەڵاتدارە؟ بۆچی هەژاری و نابرابەری هەیە؟ پەیوەندیی نێوان زەویدار و جووتیار چۆنە؟ و ئایا ئازادیی سیاسی بەبێ دادپەروەریی کۆمەڵایەتی دەکرێت؟

لە کوردستاندا، ئەم پرسیارانە بە پرسی نەتەوەیی کوردەوە تێکەڵ بوون. کورد تەنیا لەگەڵ نابرابەریی چینایەتیدا ڕووبەڕوو نەبوو؛ بەڵکوو لە زۆر قۆناغدا لەگەڵ نەبوونی مافی نەتەوەیی، سنووردارکردنی زمان و ناسنامە و دەسەڵاتی ناوەندیی دەوڵەتەکانیشدا ڕووبەڕوو بوو. لەبەر ئەوە، چەپ لە کوردستاندا بە شێوەیەکی تایبەت پەرەی سەند، چونکە پرسی چینایەتی و پرسی نەتەوەیی بەردەوام لەگەڵ یەکدا بوون.

یەکێک لە گرنگترین ناکۆکییە فکرییەکان ئەوە بووە کە کام پرسە دەبێت لە پێشەوە بێت: پرسی نەتەوەیی یان پرسی چینایەتی؟ چەپی کلاسیک زۆرجار سەرنجی لەسەر ململانێی چینایەتی و کەمکردنەوەی نابرابەریی ئابووری بوو، لە کاتێکدا بزووتنەوەی کورد جەختی لەسەر مافە نەتەوەیی و سیاسییەکان دەکردەوە. بەڵام لە کوردستاندا هەندێک ڕەوتی چەپ هەوڵیان دا ئەم دوو پرسە یەک بخەن و ئازادیی نەتەوەیی لەگەڵ ئازادیی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا پێکەوە ببینن.

**یەکێك لە گرنگترین ناکۆکییە فکرییەکان ئەوە بووە کە کام پرسە دەبێت لە پێشەوە بێت: پرسی نەتەوەیی یان پرسی چینایەتی؟ چەپی کلاسیك زۆرجار سەرنجی لەسەر ململانێی چینایەتی و کەمکردنەوەی نابرابەریی ئابووری بوو، لە کاتێکدا بزووتنەوەی کورد جەختی لەسەر مافە نەتەوەیی و سیاسییەکان دەکردەوە. بەڵام لە کوردستاندا هەندێك ڕەوتی چەپ هەوڵیان دا ئەم دوو پرسە یەك بخەن و ئازادیی نەتەوەیی لەگەڵ ئازادیی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا پێکەوە ببینن.**

**مێژووی بزووتنەوەی چەپ لە کوردستاندا بەهۆی دابەشبوونی جوگرافی و سیاسییەوە، لە هەر پارچەیەکدا خاوەن تایبەتمەندی، ڕێڕەو و مێژوویەکی جیاوازە. بزووتنەوەی چەپ لە سەرەتادا زیاتر لە ژێر کاریگەریی حیزبە کۆمۆنیستەکانی وڵاتانی ناوچەکەدا (عێراق، ئێران، سوریا و تورکیا) سەری هەڵدا، بەڵام دواتر ڕەهەندی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازیی بە خۆوە گرت.**

مێژووی بزووتنەوەی چەپ لە کوردستاندا بەهۆی دابەشبوونی جوگرافی و سیاسییەوە، لە هەر پارچەیەکدا خاوەن تایبەتمەندی، ڕێڕەو و مێژوویەکی جیاوازە. بزووتنەوەی چەپ لە سەرەتادا زیاتر لە ژێر کاریگەریی حیزبە کۆمۆنیستەکانی وڵاتانی ناوچەکەدا (عێراق، ئێران، سوریا و تورکیا) سەری هەڵدا، بەڵام دواتر ڕەهەندی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازیی بە خۆوە گرت.

لێرەدا کورتەیەک لە مێژووی ئەم بزووتنەوەیە لە هەر چوار پارچەکەدا دەخەینە ڕوو:

١. باشووری کوردستان (عێراق)

سەرەتای سەرهەڵدان لە دەوروبەری ساڵانی ١٩٣٠ و ١٩٤٠دا، مێژووی چەپ لەم بەشەدا لەتەک مێژووی حزبی شیوعیی عێراقدا دەستی پێ کرد. کەسایەتیی وەک فەهەد (یوسف سەلمان یوسف) ڕۆڵی گرنگی هەبوو لە ڕاکێشانی ڕووناکبیران و کرێکارانی کورد بۆ ناو ڕیزەکانی چەپ. ئەو بزووتنەوەیە درێژەی کێشا تا ساڵەکانی ١٩٧٥ دوای شۆڕشی ئەیلوول، کە کۆمەڵێک ڕێکخراوە سەریان هەڵدا.

٢. باکووری کوردستان (تورکیا)

سەرەتای سەرهەڵدان لە ساڵانی ١٩٦٠ و ١٩٧٠دا، گەنجان و ڕووناکبیرانی کورد لە ناو بزووتنەوە چەپەکانی تورکیادا وەک DDKO (کانوونە ڕۆشنبیرییەکانی شۆڕشگێڕیی ڕۆژهەڵات) دەستیان بە چالاکی کرد. بەڵام دواتر هەستیان بەوە کرد کە چەپی تورک گرنگیی تەواو بە مەسەلەی نەتەوەیی کورد نادات؛ دواتر لە هەمان دەیەدا لە لایەن ڕووناکبیرانی چەپی کوردەوە کۆمەڵە ڕێکخراوێکی چەپ لە چوارچێوەی داخوازییەکانی گەلی کورددا لە باکووری کوردستاندا پێک هات.

٣. ڕۆژئاوای کوردستان (سوریا)

سەرەتای سەرهەڵدان؛ چەپ لەم بەشەدا لە ژێر کاریگەریی حیزبی شیوعیی سوریا و پاشان کۆمەڵە ڕێکخراوێکدا دەستیان بە چالاکی کرد. بەڵام لە ڕووی مێژووییەوە بەهۆی سەرکوتکارییەکانی ڕژێمی بەعسەوە، بزووتنەوەی چەپی کوردیی سەربەخۆ تا ماوەیەکی درێژ دەرفەتی گەشەکردنی نەبوو؛ دواتر کۆمەڵێک کەسایەتیی چەپ توانییان لە ساڵانی ٢٠٠٠ بەولاوە چەند ڕێکخراوێکی چەپ پێک بێنن.

٤. ڕۆژهەڵاتی کوردستان (ئێران)

مێژووی بزووتنەوەی چەپ لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بە شێوەیەکی فەرمی و ڕێکخراوەیی بۆ کۆتاییی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم، بە تایبەت بۆ قۆناغی پاش شۆڕشی دەستووریی ئێران (مەشرووتە) لە نێوان ساڵانی ١٩٠٥ بۆ ١٩١١ دەگەڕێتەوە، کە کۆمەڵێک کەسایەتیی سیاسیی ناسراو و سەرۆکهۆزەکانی کورد وەکوو: محەمەد خانی کرماشان، سەعید خانی ئەردەڵان، شێخ عەلی قازی، جەعفەر ئاغای شکاک و... هتد، پاڵپشتیی سەرسەختی شۆڕشی دەستووریی ئێران بوون بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی شای قاجار.

شێوازی هاتنی بیرۆکەی چەپ لە ڕێگەی کرێکارانی ئێرانییەوە بوو کە بەشێکیان کورد بوون و لە باکۆدا ڕووبەڕووی سەختترین بارودۆخی ژیان و بژێوی، نیشتەجێبوون لە شوێنی پیس و ناتەندروست، نەخۆشی و جیاوازی لە مووچەدا بوونەوە.

...بۆ ل٩

درێژەی لاپەڕەی ٨

ئەزموونی هاوبەشی ژیان لە ئازار و چەوساندنەوەدا، وای لێ کردن ئامادەتر بن بۆ پەسەندکردنی دروشمەکانی یەکسانی و دادپەروەری. ئەوان لە مانگرتنە گەورەکانی کرێکارانی قەفقاس لە نێوان ساڵانی ١٩٠٠ تا ١٩٠٥دا بەشدارییان کرد و لە نزیکەوە لەگەڵ چەمکی هێزی ڕێکخستنی کرێکاری ئاشنا بوون؛ هێزێک کە کرێکاران دەتوانن بەهۆیەوە لە بەرامبەر سەرمایەداران و دەوڵەتدا وەک هێزێکی کۆمەڵایەتیی ڕێکخراو دەربکەون.

لەو سەردەمەدا، قەفقاز و بە تایبەتی باکۆ، یەکێک بوو لە ناوەندە سەرەکییەکانی چالاکیی شۆڕشگێڕانی مارکسیست و سۆسیال‌دیموکراتەکانی ڕووسیا، لەوانەش بەلشەفیکەکان. ڕۆشنبیرانی شۆڕشگێڕی ناوچەکە، بە بینینی ژمارەیەکی زۆر لە کرێکارانی موسڵمان و ئێرانی، هەوڵیان دەدا هۆشیاریی سیاسیی ئەوان بەرز بکەنەوە و بە بیرۆکەکانی یەکسانی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و خەباتی چینایەتی ئاشنایان بکەن. لەبەر ئەوەی زۆربەی کرێکارانی ئێرانی موسڵمان بوون، ڕاکێشانیان بۆ ناو حیزبە ڕووسی و ئەرمەنییەکان ئاسان نەبوو؛ لە ساڵی ١٩٠٤دا شۆڕشگێڕانی قەفقاز بە هاوکاریی هەندێک کەسایەتی، لەوانەش نەریمان نەریمانۆڤ، ڕێکخراوی «هیممەت»یان لە باکۆ دامەزراند.

بە فراوانبوونی بیرۆکەکانی سۆسیال‌دیموکراسی لە نێو کۆچبەرانی ئێراندا، لەرکێک/لَقێکی ئێرانیی ئەم ڕەوتە بە ناوی «فیرقەی سۆسیالیستە عەوامییەکان» (اجتماعیون عامیون) پێک هات، کە یەکەمین هەستەی بیرۆکەی چەپی سیاسی بوو لە ئێراندا. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان جیا لە تاک و کەسایەتییە سیاسییە چەپەکان، بزووتنەوەی چەپ لە ناوچەکەدا کاریگەریی لەسەر ڕەوتی پێکهێنانی ڕێکخراوەکان دانا:

١. حیزبی ئازادی (١٩٣٨): لە ڕێکخراوە کوردییە سەرەتاییەکانی ڕۆژهەڵات بوو کە کاریگەریی بیری چەپی لەسەر بوو.

٢. کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان — ژ.ک (١٩٤٢):

**مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کورد، لەوانەش مافی سەربەخۆیی، دەبێتە یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی خەباتی ڕزگاریخوازانە. مافی دیاریکردنی چارەنووس نابێت بە مافێکی سەر کاغەز و بەڵێنی سیاسی بمێنێتەوە، بەڵکوو دەبێت گەلی کورد بتوانێت بە ئازادی و بەبێ زۆرەملێ، لە ڕێگەی ویستی ئازادانەی خۆیەوە، داهاتووی سیاسی و چارەنووسی نەتەوەیی خۆی دیاری بکات. لەم تێڕوانینەدا، سەربەخۆیی تەنیا گۆڕینی سنوور و دروستکردنی دەوڵەت نییە، بەڵکوو دەبێت هەلی بنیادنانەوەی سیستەمێکی سیاسیی دیموکراتیك، یەکسانیی مافەکان و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بڕەخسێنێت.**

**بەڵام یەکخستنی خەباتی چینایەتی و نەتەوایەتی ئاسان نییە. لە هەندێك قۆناغی مێژووییدا، ململانێی نێوان پێداویستییەکانی خەباتی نەتەوایەتی و ئامانجە سۆسیالیستییەکان، لەگەڵ جیاوازییە ستراتیجی و سیاسییەکاندا، کاریگەرییان لەسەر بزووتنەوەی چەپ و کۆمەڵە هەبووە؛ بۆیە، پێویستە ئەم یەکخستنە لە ڕێگەی دانان بە فرەییی سیاسی، بەشداریی ئازادانەی جەماوەر، سەربەخۆییی ڕێکخراوە کرێکارییەکان و پاراستنی ماف و ئازادییە دیموکراتییەکانەوە بەرەو پێش ببرێت.**

ڕێکخراوێکی کوردی بوو کە گرنگیی بە نابرابەریی کۆمەڵایەتی، هەژاریی جووتیاران و کێشەی خاوەن‌زەوی و چینە هەژارەکان دەدا، و دژ بە سیستەمی فێئۆداڵی و پشتیوانی کشتوکاڵکاران بوو.

٣. دروستبوونی کۆمەڵە (١٩٦٩): و کاریگەریی لەسەر یەکخستنی خەباتی چینایەتی و نەتەوایەتی و پراکتیزەکردنی:

٥ لە سەرەتای شۆڕشی ئێراندا، کۆمەڵە بە ڕێکخستنی یەکێتیی جووتیاران و دابەشکردنی زەوییەکان، خەباتێکی ڕاستەوخۆی چینایەتیی دژ بە دەرەبەگایەتی بەرپا کرد؛ هاوکات ئەم خەباتە لە چوارچێوەی شۆڕشێکی نەتەوەییدا بوو بۆ سەلماندنی هێزی گەلی کورد بەرامبەر بە دەسەڵاتی ناوەندی.

٥ کۆمەڵە هێزی سەرەکیی شۆڕشی نەتەوەیی لە عەشیرەت و خێڵ و دەرەبەگ یان بورژوازییەوە گواستەوە بۆ سەر شانی جووتیاران، کرێکاران و ژنان؛ بەمەش ڕەهەندێکی چینایەتیی بەخشیە خەباتی نەتەوەیی.

٥ کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لە مێژووی بزووتنەوەی سیاسیی کورددا هەوڵی داوە خەباتی چینایەتی و نەتەوایەتی لە چوارچێوەیەکی سیاسی و فکریدا پێکەوە ببەستێتەوە. لە ڕوانگەی کۆمەڵەوە، پرسی کورد تەنیا کێشەیەکی نەتەوایەتی نییە، بەڵکوو پەیوەندییەکی پتەوی بە چەوسانەوەی چینایەتی، نایەکسانیی کۆمەڵایەتی، هەژاری و بێبەشبوونی کرێکاران و زەحمەتکێشانەوە هەیە؛ بۆیە چارەسەری پرسی کورد ناتوانێت لە مافی نەتەوایەتی جیا بپەڕێت/بکرێتەوە. هەروەها خەباتی چینایەتیش بەبێ دانان بە مافی نەتەوایەتیی گەلی کورددا ناتوانێت ئازادی و یەکسانییەکی ڕاستەقینە مسۆگەر بکات.

یەکێک لە گرنگترین ئەرکەکانی کۆمەڵە ئەوە بووە کە خەباتی کرێکاران، جووتیاران، ژنان، خوێندکاران و هەموو چین و توێژە چەوساوەکانی کۆمەڵگە لەگەڵ خەباتی گەلی کورددا بۆ ئازادی و ڕزگاریی نەتەوەیی گرێ بدات. ئەم تێڕوانینە هەوڵێک بووە بۆ ئەوەی خەباتی نەتەوایەتی تەنیا لە چوارچێوەی گۆڕینی دەسەڵات و گەیشتن بە حوکمڕانیی سنووردا‌ردا نەوەستێت، بەڵکوو ببێتە هۆی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکاندا؛ گۆڕانکارییەک کە تێیدا ئازادیی سیاسی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و مافی دیاریکردنی چارەنووس پێکەوە گرێدراو بن.

لەو چوارچێوەیەدا، مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کورد، لەوانەش مافی سەربەخۆیی، دەبێتە یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی خەباتی ڕزگاریخوازانە. مافی دیاریکردنی چارەنووس نابێت بە مافێکی سەر کاغەز و بەڵێنی سیاسی بمێنێتەوە، بەڵکوو دەبێت گەلی کورد بتوانێت بە ئازادی و بەبێ زۆرەملێ، لە ڕێگەی ویستی ئازادانەی خۆیەوە، داهاتووی سیاسی و چارەنووسی نەتەوەیی خۆی دیاری بکات. لەم تێڕوانینەدا، سەربەخۆیی تەنیا گۆڕینی سنوور و دروستکردنی دەوڵەت نییە، بەڵکوو دەبێت هەلی بنیادنانەوەی سیستەمێکی سیاسیی دیموکراتیک، یەکسانیی مافەکان و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بڕەخسێنێت.

بەڵام یەکخستنی خەباتی چینایەتی و نەتەوایەتی ئاسان نییە. لە هەندێک قۆناغی مێژووییدا، ململانێی نێوان پێداویستییەکانی خەباتی نەتەوایەتی و ئامانجە سۆسیالیستییەکان، لەگەڵ جیاوازییە ستراتیجی و سیاسییەکاندا، کاریگەرییان لەسەر بزووتنەوەی چەپ و کۆمەڵە هەبووە؛ بۆیە، پێویستە ئەم یەکخستنە لە ڕێگەی دانان بە فرەییی سیاسی، بەشداریی ئازادانەی جەماوەر، سەربەخۆییی ڕێکخراوە کرێکارییەکان و پاراستنی ماف و ئازادییە دیموکراتییەکانەوە بەرەو پێش ببرێت.

لە ئەنجامدا، گرنگیی کۆمەڵە لەوەدایە کە پرسی نەتەوەیی و پرسی چینایەتی وەک دوو پرسی پەیوەندیدار بە یەک دەبینێت، و هەوڵ دەدات پەیوەندییەکانیان ڕوون بکاتەوە و لە چوارچێوەی بەرنامەیەکی سیاسیی ڕزگاریخوازانەدا یەکیان بخاتەوە. ئەگەر سەربەخۆیی ببێتە ئامانجێک بۆ بەدەستهێنانی ئازادی، یەکسانی و دادپەروەری، ئەوا دەتوانێت وەک ئاڵترناتیڤێکی سیاسی بۆ داهاتووی گەلی کورد باس بکرێت؛ ئاڵترناتیڤێک کە تەنیا بە دەوڵەتسازی کۆتایی نایەت، بەڵکوو بە بەشداریی جەماوەر و مسۆگەرکردنی مافە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان واتای ڕاستەقینەی خۆی وەردەگرێت.

سەربەخۆیی بەبێ دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، ئازادییەکی ناتەواوە؛ دادپەروەریی کۆمەڵایەتیش بەبێ ڕێزگرتن لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کورد، ناتوانێت بناغەیەکی تەواوی ڕزگاری بێت. کۆمەڵە لە کۆنگرەی ١٤دا (ژن، ژیان، ئازادی)، وەکوو حیزبێکی چەپی کوردستانی، مافی دیاریکردنی چارەنووس مەعلووف/مەعتۆف بە سەربەخۆیی وەکوو ئاڵترناتیڤێک پێشنیار دەکات بۆ دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و داهاتووی کوردستان.

# مافی مرۆڤ دەروازەی سازش نییە؛ بنەمای هاوبەشی بۆ داهاتوویەکی دادپەروەرانەی کوردستان

**د. ئاریز — سنە**

لە دوای واژۆکردنی بەڵگەنامەی «بنەما هەرە کەمەکانی مافی مرۆڤ بۆ قۆناغی گواستنەوە» لە ئۆسلۆ، دەنگی ڕەخنە و ناڕەزایی لە لایەن هەندێک کەس و لایەنی سیاسییەوە بەرز بووەتەوە. ناوەڕۆکی سەرەکیی ئەو ڕەخنانە ئەوەیە کە واژۆکردنی بەڵگەنامەکە بە مانای پشتگوێخستنی «مافی دیاریکردنی چارەنووس»ی کورد و کەمکردنەوەی داواکارییە نەتەوەییەکانی کوردە.

بەڵام ئەم خوێندنەوەیە، لە ڕووی خودی بەڵگەنامەکە و ئامانجی کۆنفرانسی ئۆسلۆوە، پێویستی بە وردبوونەوەی زیاتر هەیە.

کۆنفرانسی «قەیرانی مافی مرۆڤ لە ئێران؛ لە بنەما هاوبەشەکانەوە بۆ کردەوەی هاوبەش» لە ٢٥ و ٢٦ی سێپتەمبەری ٢٠٢٦ لە ئۆسلۆ بەڕێوە چوو. بەڵگەنامەکە بەرهەمی گفتوگۆی نزیکەی یەک ساڵی نێوان لایەنە سیاسییە جیاوازەکان بوو و ١٥ حیزب و ڕێکخراو پشتیوانییان لێ کرد. گرنگتر لەوەش ئەوەیە کە ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئێران بە ڕوونی دەڵێت ئەم واژۆکردنە هاوپەیمانیی سیاسی یان ڕێککەوتن لەسەر شێوەی حکوومەتی داهاتووی ئێران نییە؛ بەڵکو ڕێککەوتنێکی سنووردارە لەسەر بنەما سەرەتاییەکانی مافی مرۆڤ.

ئەم جیاوازییە زۆر گرنگە.

یەکەم: مافی مرۆڤ جێگرەوەی مافی نەتەوەیی نییە

هیچ شوێنێک لە بەڵگەنامەکەدا نەهاتووە کە واژۆکردنی ئەو بنەمایانە بە مانای دەستبەرداربوون لە هەر داواکارییەکی سیاسیی داهاتوو بێت. بە پێچەوانەوە، بەڵگەنامەکە دەڵێت «مافی کۆمەڵی» دەتوانێت پەیوەندیی بە ناسنامەی ئەتنی، نەتەوەیی، زمانی، کلتووری و ئایینییەوە هەبێت. هەروەها لەسەر یەکسانی، ڕێگریکردن لە جیاکاری و بەشداریی کۆمەڵگە ئەتنییەکان لە دامەزراوەکانی قۆناغی گواستنەوەدا جەخت دەکرێتەوە.

بۆیە ئەوەی بڵێین «مافی مرۆڤ» لە بەرامبەر «مافی نەتەوەیی»دا دانراوە، دروستکردنی دووگوتارییەکی ساختەیە. مرۆڤی کورد لە هەمان کاتدا مرۆڤێکە، هاووڵاتییەکە و ئەندامی کۆمەڵگەیەکی نەتەوەیی و زمان و کلتوورێکی تایبەتە؛ ئەم ناسنامانە لە یەکدی جیا ناکرێنەوە.

مافی ژیان، ئازادی، زمانی دایک، ڕێکخراوبوون، دەربڕین، یەکسانی و دادپەروەری، بە هیچ شێوەیەک نابنە بەربەست لە بەرامبەر مافی کۆمەڵگەکاندا بۆ دیاریکردنی داهاتووی سیاسیی خۆیان.

دووەم: بەڵگەنامەکە بەرنامەیەکی سیاسی نییە

هەندێک لە ڕەخنەکان بەو شێوەیەن کە گوایە چونکە لە دەقی ١٣ خاڵەکەدا «نەتەوەی کورد»، «مافی دیاریکردنی چارەنووس» یان «پێشمەرگە» بەو شێوەیەی لە تێبینییەکانی کۆمەڵەدا هاتووە نەنووسراوە، ئەوا واژۆکردنەکە هەڵەیە.

ئەم ڕەخنەیە تەنیا کاتێک دەکرێت دروست بێت کە بەڵگەنامەکە بە بەڵگەنامەیەکی سیاسی بۆ چارەسەری پرسی کورد بزانین. بەڵام خودی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئێران ڕوونی کردووەتەوە کە ئامانجی بەڵگەنامەکە دروستکردنی هاوپەیمانیی سیاسی نییە، بەڵکوو دۆزینەوەی خاڵە هاوبەشەکانی کردەوەی مافی مرۆڤە.

کەواتە نابێت لە بەڵگەنامەیەکی «کەمترین»دا داوای ئەوە بکەین کە هەموو پرسیارە قووڵەکانی داهاتووی سیاسیی ئێران و کوردستان یەکجارەکی چارەسەر بکات.

ئەو دوو ئاستە پێویستە لێک جیا بکرێنەوە:

- مافی مرۆڤ: بنەمای هاوبەشە.
- داهاتووی سیاسی: بابەتی گفتوگۆ و بڕیاری سیاسییە.

سێیەم: ئەو ١٣ خاڵە «کەمترین»انە بە ڕاستی کەمترینن

ئەگەر بەڵگەنامەکە بە وردی بخوێنینەوە، دەبینین باس لە مافی ژیان و هەڵوەشاندنەوەی سزای سێدارە/ئیعدام، ئازادکردنی زیندانیانی سیاسی، یەکسانی لە بەرامبەر یاسادا، ئازادیی دەربڕین و ڕێکخراوبوون و کۆبوونەوە، ئازادیی میدیا، هەڵبژاردنی ئازاد، یاسای بنەڕەتیی گشتگیر، بەشداریی ژنان و کۆمەڵگە ئەتنییەکان، جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت، دادگای سەربەخۆ، ڕەتکردنەوەی تۆڵەسەندنەوە و سزادانی کۆمەڵی، و دادپەروەریی قۆناغی گواستنەوە دەکات.

پرسیارێکی سادە لێرەدا هەیە:

- کام یەک لەم بنەمایانە زیان بە کورد دەگەیەنێت؟
- ئایا ئازادیی دەربڕین زیانە بۆ کورد؟
- ئایا ئازادیی ڕێکخراوبوون زیانە؟
- ئایا هەڵوەشاندنەوەی سزای ئیعدام زیانە؟
- ئایا دادگای سەربەخۆ و قەرەبووکردنەوەی قوربانیانی سەرکوت زیانە؟
- ئایا ڕێگریکردن لە جیاکاریی نەتەوەیی، زمانی و ئایینی زیانە؟

بە تایبەتی بۆ کۆمەڵگەیەک وەک کوردستان کە لە دەیان ساڵی ڕابردوودا بە سەرکوت، زیندان، ئیعدام، جیاکاری و سنووردارکردنی ئازادییە مەدەنییەکان ڕووبەڕوو بووەتەوە، ئەم بنەمایانە تەنیا وشەیەکی ئەورووپی یان «خێرخوازانە» نین؛ بەڵکوو بەشێکن لەو داواکارییە بنەڕەتییەی خەڵکی کوردستان.

چوارەم: ڕەخنە لە واژۆکردن نابێت ببێتە ڕەتکردنەوەی مافی مرۆڤ

لە هەندێک دەقی ڕەخنەدا وشەگەلی وەک «شۆڤێنیزمی فارسی»، «داگیرکەر»، «کاڵفامیی سیاسی» و «فریودانی کورد» بەکار هاتوون. ئەم جۆرە زمانە، جگە لەوەی دەکرێت گفتوگۆی سیاسی توندتر بکات، پرسیارە سەرەکییەکەش لە بەرچاو ون دەکات: ئێمە چۆن دەتوانین مافی مرۆڤ بۆ هەمووان بە پارێزراوی ببینین؟

ڕەخنەکردن لە دەقێکی سیاسی مافی هەموو کەسێکە. بەڵام ڕەخنە لە واژۆکردن نابێت ببێتە ئەوەی کە دژی بنەماکانی مافی مرۆڤ بوەستینەوە.

لە کۆنفرانسی ئۆسلۆدا هەروەها جەخت کراوەتەوە کە لایەنەکان پێویست ناکات لەسەر هەموو داهاتووی سیاسیی ئێران ڕێک بکەون؛ بەڵکوو دەکرێت لەگەڵ جیاوازییە قووڵە سیاسییەکاندا، لەسەر ڕەتکردنەوەی ئیعدام، ئازادکردنی زیندانیانی سیاسی، دژایەتیی ئەشکەنجە و جیاکاری، و پاراستنی مافی بنەڕەتیی مرۆڤ هاوکاری بکەن.

ئەمە خاڵێکی گرنگە: دیموکراسی لەوێوە دەست پێ دەکات کە مرۆڤ مافی ئەوەی هەبێت لەگەڵ تۆدا جیاواز بیر بکاتەوە، بەڵام تۆ هەر مافی ئەو مرۆڤە بپارێزیت.

پێنجەم: کۆمەڵە خۆی ڕوونی کردووەتەوە کە واژۆکردنەکە دەستبەرداربوون نییە

لە ڕاگەیەندراو و تێبینییە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستاندا هاتووە کە ئەو لایەنە لە قۆناغێکی دواتردا چووەتە ناو پرۆسەکەوە، هەوڵی گۆڕینی هەندێک بەشی داوە و لە کۆتاییدا بە مەرجی هاوپێچکردنی تێبینییە تایبەتەکانی خۆی بەڵگەنامەکەی واژۆ کردووە.

هەروەها لە وتاری هاوڕێ فەریبا محەمەدی لە ئۆسلۆدا جەخت لەوە کراوەتەوە کە جیاوازی لەسەر شێوەی حکوومەت، پەیوەندیی ناوەند و پەراوێز، پرسی نەتەوەیی و مافی دیاریکردنی چارەنووس، نابێت ببێتە هۆی ڕێگریکردن لە هاوکاریی مافی مرۆڤ. ئەم خاڵە لە لایەن ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئێرانیشەوە وەک ناوەڕۆکی قسەکانی نوێنەری کۆمەڵە پشتڕاست کراوەتەوە.

بەڵام لێرەدا پێویستە ڕوون بکرێتەوە: دەقی فەرمیی ١٣ خاڵەکە خۆی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەو چوار خاڵە سیاسییەی ناو تێبینییەکانی کۆمەڵەی نەخستووەتە ناو دەقی خۆییەوە. بۆیە باشترە لەجاتی بانگەشەی ئەوەی کە «هەموو ئەو چوار خاڵە چەسپێنراون»، باس لەوە بکرێت کە کۆمەڵە تێبینی و مەرجە سیاسییەکانی خۆی لەگەڵ واژۆکەدا ڕاگەیاندووە. ئەمە بەڵگەنامەکە و هەڵوێستی حیزبەکە بە وردییەکی زیاتر پیشان دەدات.

کۆتایی: مافی مرۆڤ، بنەمایەکە نە کۆتاییی ڕێگەکە

پرسی کورد لە ئێران بە یەک بەڵگەنامەی مافی مرۆڤ چارەسەر نابێت؛ هەروەها بە ڕەتکردنەوەی مافی مرۆڤیش چارەسەر نابێت.

ئەگەر مەبەستمان داهاتوویەکی دیموکراتیک و دادپەروەرانە بێت، پێویستە دوو شت لەگەڵ یەکتردا بڕۆن: پاراستنی مافی تاک و پاراستنی مافی کۆمەڵ.

کورد نابێت لەبەر مافی نەتەوەیی خۆی لە مافی مرۆڤ داببڕێت؛ هەروەها نابێت مافی مرۆڤ ببێتە بەهانەیەک بۆ سڕینەوەی ناسنامە، زمان، کلتوور و مافە کۆمەڵایەتییەکانی کورد.

ئەوەی پێویستە لە هەموو شتێک زیاتر لە بیر نەکرێت ئەوەیە کە مافی مرۆڤ نە سازشکردنە لەسەر مافی کورد، نە جێگرەوەی مافی دیاریکردنی چارەنووسە؛ بەڵکوو یەکێکە لەو بنەمایانەی کە داهاتووی هر چارەنووسێکی دیموکراتیک دەبێت لەسەری دامەزرابێت.

لەو ڕوانگەیەوە، لەجاتی ئەوەی هەر واژۆیەک بە «خیانەت» یان «سازش» ناو ببەین، پێویستە پرسیار بکەین: ئایا ئەو بەڵگەنامەیە مافی مرۆڤی کورد و هەموو پێکهاتەکانی ئێران زیاتر دەپارێزێت، یان کەمتر؟ و چۆن دەتوانرێت ئەو بنەما هاوبەشە لە داهاتوودا بە مافە کۆمەڵی و نەتەوەییەکانەوە تەواوتر بکرێت؟

ئەمە گفتوگۆیەکی جدیی سیاسییە؛ نە هەڵوەشاندنەوەی بنەماکانی مافی مرۆڤ!

# میرنامەی حەکاری؛ کاتێک مێژووی ونبووی میران بووە بە شێعر



سۆران محەممەدی

مێژوو یەکێک لە گرنگترین بوارەکانی ناسینی ڕابردووی کۆمەڵگە مرۆییەکانە. هەر نەتەوە، گەل و کۆمەڵگەیەک هەوڵ دەدات ڕابردووی خۆی بناسێت و ئاسەوار و بەڵگەنامەکانی پەیوەندیدار بەوە بپارێزێت. شتومەکی دێرین، بەردنووسەکان، دەستنووسەکان، سکەکان و ئاسەوارە مێژووییەکانی دیکە، بەشێک لەم کەلەپوورە ئەژمار دەکرێن و هەرچەندە کۆنتر بن، بەهایەکی زیاتریان بۆ توێژینەوە مێژووییەکان پەیدا دەکەن. لە سەردەمی دێرینەوە تا ئەمڕۆش ئاسەواری زۆر دەربارەی نەتەوە و سەرزەمینە جیاوازەکان نووسراون.

لە ئاسەوارە مێژوویی و جوگرافیاییەکانی سەردەمی دێرینەوە تا نووسراوەکانی مێژوونووسانی موسڵمان و گەشتیارنامەنووسان، بەشێکی گرنگی ناسینی نەتەوەکان لە ڕابردوو لەسەر بنەمای ئەم ئاسەوارانە شێوەی گرتووە. لەم نێوەندا، ئاسەوارێک لە نووسەرانی وەک هێرۆدۆت، سترابۆن، زەینەفۆن، مارکۆ پۆلۆ، ناسر خوسرەو، ئیبن فەزلان و ئەولیای چەلەبی زانیاریی بەنرخیان دەربارەی کۆمەڵگە و سەرزەمینە جیاوازەکان پێشکەش کردووە. دوای دەرکەوتنی ئیسلامیش مێژوونووسی گەشەی زیاتری سەند و مێژوونووسانی وەک تەبەری، بەیهەقی، ئیبن ئەثیری جەزیری، ئیبن خەلدوون و ئیبن خەلەکانی ئەربێلی ئاسەواری گرنگیان لە خۆیان بەجێ هێشت.

لە بواری مێژووی کوردیشدا ئاسەواری جۆراوجۆر لەلایەن نووسەرانی کورد و غەیرە کوردەوە نووسراون؛ لەوانە «اخبار الاکراد» و «المدائن و الاکراد» بەرهەمی مەدائینی، «انساب الاکراد» بەرهەمی ئەبووحەنیفەی دینوەری، «تاریخ الفارقی»، «تاریخ دولة الاکراد»، «شەرەفنامە»ی شەرەفخانی بەدلیسی، «الشجرة الزکیة» و «تاریخ اردلان»ی مەستوورەی ئەرجەلان. «تاریخ اردلان» لەم ڕووەوە گرنگییەکی تایبەتیشی هەیە کە یەکێک لە نموونە بەرچاوەکانی مێژوونووسیی ژنێکی کوردە دەربارەی بنەماڵە و سۆڵالەی خۆی. لە پاڵ ئەم ئاسەوارانەدا، کتێب و گەشتیارنامەی دیکەش دەربارەی جوگرافیا، فەرهەنگ، دابونەریت، هۆزەکان و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی کوردستان نووسراون. لە دەوروبەری دەیەی ١٧٥٠ی زایینییەوە کوردستان کەوتە بەر سەرنجی ڕۆژهەڵاتناسان، بانگەوازکارانی ئایینی، بازرگانان و توێژەرانی دیکەی ڕۆژئاوا.

لە زەمینەیەکی ئاواهیدا، دەستنووسی «میرنامەی حەکارییان» گرنگییەکی تایبەتی هەیە. ئەم بەرهەمە بە زمانی فارسی نووسراوە و لەبەر ئەوەی ڕووداوە مێژووییەکان لە قالب و شێوەی شێعر و مەسنەویدا دەگێڕێتەوە، زیاتر مەسنەوییەکی ئەدەبی ـ مێژووییە تا کتێبێکی مێژوو بە واتای باو و باوڕاو. نووسەری سەرەکی ناوێکی دیاریکراوی بۆ بەرهەمەکەی خۆی دەستنیشان نەکردووە و بە ئیلهاموەرگرتن و چاوپێکەوتن لە «شانامە»ی فردۆسی نووسیویەتی. لەبەر ئەوە، ئناونیشانی «میرنامە»ی بۆ هەڵبژێردراوە؛ واتە شانامە بۆ شاهان و میرنامە بۆ میران. بە سەرنجدان بەوەی بابەتی سەرەکیی بەرهەمەکە مێژوو و سەربردەی ئەمیرانی حەکارییە، ناونیشانی «میرنامەی حەکارییان»ی بۆ بەکار هاتووە.

بەرهەمە سەرەکییەکەی تەمەرخان یازجی نووسیویەتی. ئەو هۆنینی «میرنامە»ی لە ساڵی ١٦٣٣دا دەست پێکردووە و تا ساڵی ١٦٣٩ بەردەوام بووە. یازجی لە سەردەمی میر یەحیای بەگ و دوای ئەو لە سەردەمی میر عەمادەدین، وەک کاتب و هاوڕێی ئەوان ئامادەیی هەبووە و لە هەندێک ڕووداودا ڕاستەوخۆ شاهیدی ڕووداوەکان بووە. لەبەر ئەوە، کتێبەکە جگە لە بەهای ئەدەبی، خاوەنی ڕاپۆرتگەلێکە لەسەر بنەمای بینین و ئەزموونی نووسەر. لەسەر بنەمای دەقەکە، یازجی زیاتر لە ١٠٤٧٠ بەیت هۆنیوەتەوە، بەڵام پێش تەواوکردنی بەرهەمەکە کۆچی دوایی کردووە و کتێبەکە بە ناتەواوی ماوەتەوە. دوای ئەوە، کەسێکی دیکە نزیکەی ٤٠ بەیت وەک «خاتیمە»ی خستووەتە سەر بەرهەمەکە و کۆتاییەکەی تەواو کردووە.

بابەتی سەرەکیی «میرنامە» مێژووی فەرمانڕەوایانی حەکارییە؛ گێڕانەوەکە بە جەنگی زەکەریا بەگ و زاهید بەگ دەست پێدەکات و تا سەردەمی حوکمرانیی میر عەمادەدین بەردەوام دەبێت. لەم مەودایەدا، زەکەریا بەگ، مەلیک بەگ، دووبارە زەکەریا بەگ، یەحیی الکرام بەگ، شەرەفخان بەگ و پاشان میر عەمادەدین بەگ حوکمیان لەسەر ئیمارەتی حەکاری کردووە. لە کتێبەکەدا باس لە جەنگەکان، ڕاپەڕینەکان، پەیوەندیی نێوان ئەمیرانی حەکاری و حاکمانی ناوچەکانی دەوروبەر، لەشکرکێشییەکان، گواستنەوەی دەسەڵات و گۆڕانکارییە سیاسی و سەربازییەکانی دیکەی ئەو سەردەمە کراوە.

یەکێک لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی «میرنامە» بوونی مێژوو و ئاماژە کاتییەکانە لە دەقەکەدا. هەندێک مێژوو بە شێوەی ڕاستەوخۆ بە کۆچیی مانگی و هەندێکی دیکە بە بەکارهێنانی حیسابی ئەبجەد تۆمار کراون. لەسەر بنەمای ئەم زانیارییانە، نزیکەی ٦١ ساڵ لە مێژووی حوکمرانیی حەکاری، لە سەردەمی زەکەریا بەگەوە تا گەیشتنی میر عەمادەدین بۆ دەسەڵات، بە وردەکاریی بەرچاوەوە ڕەنگی داوەتەوە. لەم ڕووەوە، بەرهەمەکە زانیاری دەربارەی ڕووداوێک پێشکەش دەکات کە نزیکەی سێ سەدە و نیو پێش کاتی دۆزینەوەی دەستنووسەکە ڕوویان داوە.

تەمەرخان یازجی پێدەچێت لە دەوروبەری ساڵانی ١٥٨٠ یا ١٥٨١ی زایینی لەدایک بووبێت و لە کاتی دەستپێکردنی نووسینی بەرهەمەکە لە ساڵی ١٦٣٣دا نزیکەی پێنجا ساڵ تەمەنی بووبێت. ئامانجی ئەو تۆمارکردنی مێژووی بنەماڵەی ئەمیرانی حەکاری و گێڕانەوەی بووە بە زمانێکی ئەدەبی. ئامادەبوونی لە هەندێک ڕووداودا و ئاماژەدان بە بینینە ڕاستەوخۆکانی، بەهای گێڕانەوەیی و مێژوویی بەرهەمەکە زیاد دەکات.

دەستنووسەکە نزیکەی سەدەیەک پێش لەسەر دەستی محەممەد تەیار، کوڕی حاج محەممەد تەیار، کۆپی (ئستنساخ) کراوەتەوە. ئەم دەستنووسە لە یەکی ژانویەی ٢٠١٤دا لە گوندی ئارتیس لە ناوچەی باشقەڵا، لە ماڵی ڕاغب بەگی ئارتیسی، لە نەوەکانی حەکارییان، دۆزراوەتەوە. دەستنووسەکە ٦٧٢ لاپەڕەیە و لە هەر لاپەڕەیەکدا نزیکەی ١٧ بەیت نووسراوە و کۆی دەقی سەرەکییەکەی زیاتر لە ١٠٥٠٠ بەیتە. لە سەرەتای دەستنووسەکەشدا ٦١ لاپەڕە بۆ پێشەکی و دوو لاپەڕە بۆ پێشەکیی کاتبەکە (مستنسخ) تەرخان کراوە.

محەممەد تەیار لە پێشەکییەکەیدا ڕوونی دەکاتەوە کە دەستنووسەکەی بە سەختی دەست کەوتووە و لەسەری کۆپییەکی بۆ خۆی ئامادە کردووە. ئەو جەخت دەکاتەوە کە دەستنووسەکەی «لە ئەسڵەکەی» وەرگرتووە؛ کەواتە، لەسەر بنەمای ئەم وتەیە، دیارە دەستنووسە سەرەکییەکەی دیوە، ئەگەرچی شوێنی ڕاگرتنی دەستنووسە سەرەکییەکە ئێستا ڕوون نییە. ئەو هەروەها لە بەشگەلێک لە نووسینەکەی خۆیدا بە کەلەپووری بنەماڵەیی و ناوخۆشی و دەردەسرەیان کە بەسەر بنەماڵەی ئەمیرانی حەکاریدا هاتووە پەرژاوەتە سەر. لە کۆتایی مەسنەوییەکەشدا شەجەرەنامە/درەختی بنەماڵەییەک لە خۆیەوە تا حەزرەتی ئادەم زێدە کراوە کە بڕواپێکراوی و دروستییەکەی لە دەقەکەدا پشکنین و هەڵسەنگاندنی بۆ نەکراوە. لە پرۆسەی گواستنەوەی بەرهەمەکەدا، میرزا محەممەد یازجیش ڕۆڵێکی گرنگی هەیە. دوای کۆتایی هاتنی کتێبەکە، مەودایەک دەنگوباسی نییە تا ئەوەی لە ساڵی ١٧٤٤ی زایینیدا، میرزا محەمەد یازجی پێشەکییەکی درێژ بە پەخشان بۆ دەنووسێت. ئەو هاوڕێی عەبدوڵڵا بەگ، باوکی پەرتەو بەگی حەکاری بووە. یازجی لەم پێشەکییەدا لە سەردەمی خەلیفەکانی عەباسییەوە تا کاتی ئیبراهیم خان بەگ، ناوی خەلیفەکان و ئەمیرانی حەکاریی تۆمار کردووە و ئەم بەشەی بە «مختەرالاحوال الامرا» ناو بردووە. ئەم پێشەکییە ٤٥ لاپەڕەیە و پێدەچێت ناونیشانی «مختەر احوال الامرای الحکاری» زیاتر ناونیشانی دەستپێکە بێت، نە ناوی مەسنەویی سەرەکی.

ساڵی ١٧٤٤ هاوکاتە لەگەڵ سەردەمی حوکمرانیی ئیبراهیم خان بەگ؛ حاکمێک کە بەپێی دەقەکە، نزیکەی پێنجا ساڵ حوکمی کردووە و دامەزرێنەری قوتابخانەی «مەیدان» بووە. دوای ئەو عەبدوڵڵا بەگ گەیشتە حوکم و ئەو باوکی پەرتەو بەگی حەکاری بوو؛ شاعیرێک کە لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا پێگەیەکی ناسراوی هەیە. شێخ ئەحمەدی فەقێ و پەرتەو بەگی حەکاریش دوای مەلا جزیری لە شاعیرە گرنگەکانی ئەدەبیاتی کورمانجی ئەژمار کراون و دیوانە شیعری مەزنیان لە خۆیان بەجێ هێشتووە.

لە کۆدا، «میرنامەی حەکارییان» دەکرێت بە بەرهەمێکی گرنگ لە مێژوونووسیی کوردستاندا دابنرێت؛ بەرهەمێک کە ئەدەبیاتی هۆنراوە لەگەڵ تۆمارکردنی ڕووداوە سیاسی، سەربازی و کۆمەڵایەتییەکاندا تێکەڵ دەکات و وێنەیەک لە مێژووی ئیمارەتی حەکاری و بنەماڵە حوکمرانەکانی پێشکەش دەکات. بەهای ئەو تەواو لە لایەنی ئەدەبیدا نییە، بەڵکوو لە پەیوەندیی نێوان ئەدەبیات، بیرەوەریی مێژوویی و تۆمارکردنی ڕووداوەکانی سەردەمێکی گرنگ لە مێژووی کوردستاندا جێگەی گرتووە.

ئەم کتێبە بە کۆششی م.خالید سادینی لەسەر دەستنووسەکەوە بۆ زمانی کوردیی کورمانجی و بە شێوەی شێعر وەرگێڕدراوە و لە لایەن سۆران محەممەدی پێداچوونەوەی بۆ کراوە و ژێدەری بۆ زیاد کراوە و لە دوو بەرگدا لەلایەن بڵاوکراوەی پیوەند کە لە شار واندایە بە چاپ گەیەندراوە.



DwaRoj
سەرنووسەر: محەمەد حەکیمی
هەڵەچن: سۆران محەمەدی
Dwaroj@komala.com
بۆ خوێندنەوەی دوارۆژ لەسەر تۆڕی ئینتێرنێت سەردانی **www.komala.com** بکەن
پەیوەندی **dwaroj.net**

# ڕۆمانی کوێری؛ کاتێک بینین بەرپرسیارەتییە




ڕۆمانی «کوێری» سەبارەت بە مرۆڤگەلێکە کە تووشی نەخۆشییەکی کوشندە دەبن. کوێری تەنیا چاوەکان ناگرێت، بەڵکوو ئەخلاق، ترس، ڕێکوپێکی، کلتوور و... هتد لە خەڵک دەگرێت. کوێری پێمان دەڵێت: پێش ئەوەی باس لە بینین بێت، شێوازی ڕوانینی ئێمەیە بۆ جیهان و مرۆڤ. ڕەنگە گرنگترین بەشی ئەو کتێبە ئەوە بێت کە؛ ئێمە بۆ کوێر بووین؟ یا ئەگەر ئێستا دووبارە ببینینەوە، بە ڕاستی چ شتێک دەبینین؟

لە «کوێری»دا ساتێک ژیان دەوەستێت؛ پیاوەکە لە پشت چرا سوورەکەوە لەپڕ کوێر دەبێت و هیچ نابینێت؛ نە ڕەشی، نە سێبەر، تەنیا سپی و سپی دەبێتە هەموو بینینی. چاوەکانی کراوە بوون، بەڵام هیچی نەدەدی و تەنیا ڕەش و تاریکی ببووە میوانی چاوەکانی. تۆزێک دواتر شۆفێرێک ئەوی گەیاندەوە ماڵەکەی، دوایش ژنێکی دیکە تووشی ئەو کارەساتە بوو. کوێری ئارام و بێدەنگ وەک موریانە هەموو شاری دەخوارد و خەڵک کوێر دەبوون؛ وەک هەواڵێک کە هێشتا کەس نەیدەوێرا باوەڕی پێ بکات، کەس باسی نەدەکرد.

دەوڵەت بۆ ئەوەی ئەم دیاردەیە لە کۆڵ خۆی بکاتەوە، کوێرەکانی بردە خانوویەکی چۆڵ؛ جێگەیەک کە بڕیار بوو ئەمنییەت و ژیانی تێدا بێت، بەڵام زیاتر لە پشتگوێخستن و لە کۆڵخۆکردنەوە دەچوو. لەوێ مرۆڤەکان هێشتا ناویان هەبوو، بەڵام وردەوردە ناوەکان جێگەی خۆیان دا بە ترس و دڵەڕاوکێ. کاتێک هەموو کەس کوێر دەبێت، مەودای نێوان یاسا و پشێوی تەنیا کردنی دەزداو/دەزویەکە بە دەرزییەکدا. خواردن کەم بوو و کێشە کەوتە ناو مرۆڤەکان؛ دەنگەکان بەرزتر بوونەوە و برسییەتی، ئەخلاقی مرۆڤەکانی زووتر لە هر دادگایەک تاقی کردەوە.

لە تاریکیدا ترس تەنیا لە دەرەوە نەدەهات، بەڵکوو لە ناخی مرۆڤەکانەوە هەڵدەقوڵا. ترس زۆر جار لە مرۆڤێکەوە دێت کە ڕێک لە پاڵ دەستدایە و زۆر زوو دەبێتە پەتا/ئێپیدێمی. بەڵام لەو ناوەدا هێشتا کەسێک دەیبینی: هاوژینی پزیشکێک؛ ژنێک کە بۆ ڕزگاربوونی خۆی ناچار بوو ڕووخانی خەڵکی دیکە ببینێت و خۆی وەک ئەوان نیشان بدات. ئەو دەیتوانی خۆی بشارێتەوە، دەیتوانی وا نیشان بدات کە هیچی نەدیوە، بەڵام بینین چیتر هەڵبژاردنێک نەبوو بۆی، بوو بە ڕێنیشاندەر؛ نە بە هۆی ئەوەی بەهێزتر بوو، بەڵکوو چونکە دەیزانی لە ڕاستیدا ئەو تاریکییە چییە.

کاتێک دەرگاکان کرانەوە ئەوان هاتنە دەرەوە، بەڵام ئازادی شێوەی ئەو شتە نەبوو کە ئەوان چاوەڕێی بوون. شار هێشتا لە جێگەی خۆیدا بوو، بەڵام ژیان ماڵئاوایی لەو شارە کردبوو. لە دەرەوە هیچ کەس چاوەڕێی ئەوانی نەدەکرد. فەرهەنگ و کلتوور بە کارەساتی کوێربوون لە ناو ناچێت، کاتێک لە ناو دەچێت کە مرۆڤەکان یەکتر وەک مرۆڤ نەبینن.

ساراماگۆ باس لە کوێریی چاوەکان ناکات، بەڵکوو باس لە کوێریی بەرپرسیارەتی دەکات؛ لەوەی کە چۆن دەتوانی هەموو شتێک ببینیت و دیسان بڕیار بدەیت کە شتێک نەبینیت. ڕەنگە هیوا لە جێگەیەکەوە دەست پێ بکات کە کەسێک لەجاتی ڕوانینی کەسێکی دیکە، دەستی بگرێت. کێ هێشتا دەتوانێت کەسێکی دیکە ببینێت؟

«کوێری» چیرۆکی شارێک نییە کە چاوەکانی لە دەست داوە، بەڵکوو چیرۆکی ئێمەیە؛ کاتێک ڕاستی لە بەرامبەرماندایە و ناتوانین ببینین یان نامانەوێت ببینین کە لە دەوروبەرماندا چی ڕوو دەدات. وەک ئەوەی ئێستا لە ئێراندا ڕوو دەدات؛ هەموو کەس چاوی لە کردەوە و سیاسەتی ڕژێم داپۆشیوە/داخستووە و وڵات بووەتە کوێرستان.

## دواستوون

### ئابووریی ئێران لە سەرەمەرگدا

ئێران بە مانای واقعی کەوتووەتە ناو قەیرانەوە؛ ئابووریی ئێران لە سەرەمەرگدایە، دۆلار سنووری ٢٧٢ هەزار تمەنی تێپەڕاند و ڕژێم هیچ شتێکی پێ ناکرێت. وڵات خەریکە تووشی دارمانی گشتی دەبێت و بێسەروبەرەیی هەموو وڵاتی تەنیوە و هر کەس هەڵدەستێت قسەیەک یا بڕیارێک دەدات و ڕژێم هیچ بەرنامەیەکی بۆ ئەو دۆخە نییە. خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێرانیش ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ توانای کڕینی شتومەکی پێویستی ڕۆژانەیان نییە و نامێنێت، ڕۆژانە بەهای پارە و داراییەکانیان لە بەرامبەر دۆلاردا دادەبەزێت و خەڵک چیتر توانای بەڕێوەبردنی ژیانیان نەماوە و بە گشتی ژیان وەستاوە.

ئەمە لە لایەکەوە، و لە لایەکی دیکەشەوە بەپێی ئامار و داتاکانی ناوخۆی ڕژێمی ئیسلامیی ئێران، چیتر ئەو ڕژێمە ناتوانێت بەهۆی گەمارۆ دەریاییەکانی ئەمریکاوە نەوت هەناردە بکات؛ ئێستا هەناردەکردنی نەوتی ئێران گەیشتووەتە ئاستی صفر/سفر. بۆ یەکەمین جار لە مێژووی ئێراندا هەناردەی نەوت لە ئێران ڕاگیراوە و چیتر ئەو وڵاتە ناتوانێت نەوت هەناردە بکات و پیسپۆڕان لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئەگەر تا سێ مانگی دیکە ئێران نەتوانێت نەوت بفرۆشێت، چیتر ناتوانێت مووچەی خەڵکەکەی دابین بکات و ئەوەش هەرەسهێنانی ئابووری و ژێرخانی ئەو وڵاتەیە، لە حاڵێکدا نەوتی ئێران ڕاوەستاوە، هەناردەکردنی نەوتی وڵاتانی عەرەبیی ناوچەکە گەیشتووەتە ئاستی پێش شەڕی ٣٩ ڕۆژەی ئێران، ئەمریکا و ئیسرائیل.

دۆخی خەڵک گەیشتووەتە ئاستێک کە ئیدارەکان خەریکن گۆشت بە قەرز دەدەن بە مووچەخۆران و ئەوە یەکێکە لە خراپترین نیشانەکانی دۆخی خەڵک؛ کێ لە ئێراندا بیری لەوە دەکردەوە کە ڕۆژێک گۆشت بە قەرز بکڕێت؟ ئەمە دەتوانێت سەرەتای دەستپێکی سونامیی دارمانی ئابووری بێت. لە لایەکی دیکەشەوە، دەوا و دەرمان زۆر بە سەختی دەست دەکەوێت و ئەگەر ئەم دۆخە تا سێ یا چوار مانگی دیکە درێژە بکێشێت، ئەوا خەڵک تووشی قەیرانێکی گەورە دەبن و کارەساتی مرۆیی بە تایبەتی لە ناو نەخۆشە تایبەتەکاندا ڕوو دەدات؛ چونکە هەر ئێستا ئەو نەخۆشانە پووڵی ئەوەیان نییە لە بازاڕی ئازاددا دەرمانەکانیان بکڕن.

(بۆرگان نیزامی)ی ئابووریناس دەڵێت: بەرزبوونەوەی نرخی دۆلار لە ئێراندا، ئاکامی شەڕ و گەمارۆکانی ئەمریکایە و هەروەها ئەو دۆخە ڕەگ و ڕیشەی لە ناو قەیرانە ئابوورییەکانی ڕژێمی ئیسلامیدایە. ناوبراو لە درێژەدا دەڵێت: سیاسەتی هەڵەی بانکی ناوەندی، بە تایبەتی ڕاگرتنی نرخ و ئاساییکردنەوەی هەڵاوسان، بێمتمانەیی و چاوەڕوانیی هەڵاوسانی بڵاو کردووەتەوە. نیزامی لە درێژەی وتەکانیدا دەڵێت کە مەودای نرخی دۆلاری دەوڵەتی و ئازاد دەتوانێت چەند قاتی دیکە نرخی کەلوپەل زیاد بکات.